حوکمڕانی دەستووری لە دیدی ئەفلاتون دا
توێژینەوەیەکی فەلسەفیی - شیکارییە

Doi:10.23918/ilic8.01

م. ی. حەسەن مستەفا حوسێن
زانکۆی سۆران، فاکەڵتیی یاسا، زانستە سیاسییەکان
Hassan.mustafa@soran.edu.iq

پ. ی. د. عثمان علی ویسی
ڕاوێژکاری یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان
osman.weisy@parl.krd

Constitutional Governance in Plato's Perspective
Analytical and Philosophical Study

Asst. Lect. Hassan Mustafa Hussein
Soran University, faculty of law

Asst. Prof. Dr. Osman Ali Hassan Weisy
Kurdistan Parliament - Iraq

پوختە

ئەفلاتون Plato وەك فەیلەسووفێکی جیهانی خاوەن میتۆدێکی تایبەت لە هزری سیاسی و یاساییدا، شوێنێکی بەرزی لە تیۆری سیاسی و یاسایی داگیرکردووە بە یەکێك لە دیارترین ئەو فەیلەسووفانە دادەنرێت کە تێزو تیۆرەکانی لەبارەی کێشەکانی؛ دەوڵەت، یاساو سیاسەت، دەستوور و دەسەڵات، باشترین فۆرمی حوکمڕانی و سیستەمی سیاسی، ڕەوایەتی و دادپەروەری لە هەر سێ دیالۆگی (کۆمار Republic)، (سیاسەتمەدار The Statesman) و (یاساکان Laws) ڕەنگیداوەتەوە.

ئەگەرچی بیرۆکەی دەستوورییەت و حوکمڕانی دەستووری (Constitutionalism) بەو فۆرمەی دونیای مۆدێرن دەگەڕێتەوە بۆ تێزەکانی بیرمەندی ئینگلیزی (John Locke)، بەڵام لە فۆرمێکی سەرەتاییدا و نزیکەی بیست و سێ سەدە لەمەوپێش لە فەلسەفەی سیاسی و یاسایی یۆنانی کۆندا ئامادەیی هەبوو. ئەم توێژینەوەیە وەك هەوڵێکی زانستی و هزری، بۆ وەڵامدانەوەی پرسگەلێکی فەلسەفی سەبارەت چەمکی حوکمڕانی دەستووری (کە فۆرمێکە لە حوکمڕانی پابەند بە نۆرم و پرەنسیپەکانی دەستوور و یاسا) ڕەنگدانەوە لە دایەلۆگەکانی ئەفلاتون دەکۆڵێتەوە؛ هەروەها وەڵامی ئەم پرسیاریانە دەخاتەڕوو؛ ئایا یاسا و دەستوور چ پێگەیەکیان لە فیکری سیاسی ئەفلاتوندا هەیە، ئەفلاتون کام شێوەو فۆرمی دەستوور و سیستەمی سیاسی پێشنیار کردووە؟ ئەم توێژینەوەیە بە پشت بەستن بە میتۆدی وەسفی و شیکاری و میتۆدی فەلسەفەی یاسایی، دەگاتەی ئەو دەرەنجامەی کە بنچینە و بنەماکانی دەستوورییەت و حوکمڕانی پابەند بە یاسا لە تێزەکانی ئەفلاتون ڕەنگیانداوەتەوە، ئەگەر ئەفلاتون لە دایەلۆگی (کۆمار)دا دەوڵەتێکی ئیدیالی پێشکەشکردبێت کە فەیلەسوفەکان فەرمانڕەوایی بکەن، هەروەها لە دایەلۆگی (سیاسەتمەدار) کە شارەزایی فەرمانڕەوا لە زانستی سیاسی بەسەنتەری تیرۆزەکردنی بێت، ئەوا لە دایەلۆگی یاساکان دەستوورێك بۆ شاری یاساکان دادەڕێژێت کە سیستەمی تێکەڵاو لەخۆ دەگرێت و لە ڕەگەز و پرەنسیپەکانی سیستەمی پادشایەتی و دیموکراسی پێکهاتبێت.

وشە سەرەکییەکان: ئەفلاتون، فەلسەفەی سیاسی، دەوڵەت، دەستوور، یاسا، دەسەڵات، دادپەروەری.

Abstract

Plato, the eminent philosopher and profound thinker, is celebrated worldwide for his distinctive approach to political and legal philosophy. He occupies a prominent position in the realm of political theory, standing as one of the foremost philosophers to tackle profound questions concerning the state, law, politics, constitution, authority, the optimal form of governance, and justice. Plato's philosophical insights on these subjects are notably encapsulated within his three renowned dialogues: "Republic," "The Statesman," and "The Laws."

While the modern concept of constitutionalism, as articulated by the English philosopher John Locke, took its roots in the political and legal discourse centuries later, its nascent form can be traced back approximately twenty-three centuries ago to ancient Greece. This research represents a scholarly and intellectual endeavor aimed at addressing profound philosophical inquiries surrounding the notion of constitutional governance—a system of governance that adheres to the norms and principles of the constitution, laws, and regulations—by examining Plato's dialogues. It seeks to shed light on questions such as: What role did law and constitution play in Plato's legal philosophy? What form of constitution and political system did Plato propose for the ideal state? How did Plato's philosophy influence today's governance and constitutionalism issues? This research, employing both descriptive and analytical approaches, grounded in the field of legal philosophy, concludes that Plato's theses resoundingly echo the principles of constitutionality and the rule of law.

In Plato's "Republic," he envisioned an ideal state where philosophers wielded authority, seemingly transcending the necessity of law. However, in his work "The Statesman," Plato shifted the focus to the ruler's expertise in political science, culminating in the creation of a constitution

for the city in "The Laws." This constitution adopts a hybrid approach, blending elements of monarchy and democracy. These two systems of governance stand in stark contrast to each other: Monarchy rests on the principle of authority, while democracy champions freedom and equality. Plato's reflections on the constitution and law have reverberated through the annals of time and have influenced the drafting of modern constitutions. Remarkably, one of the founding fathers of the American constitution, John Adams, in his three-volume work titled "Defense of the Constitutions of the Government of the United States," published in 1788, lauds Plato's theses on matters of constitution, public welfare, education, and law.

Plato's enduring legacy as a philosopher and his profound insights into constitutional governance continue to shape the intellectual landscape of political and legal philosophy, offering valuable lessons and inspiration for contemporary thought and governance structures.

Keywords: Plato, Political Philosophy, State, Constitutionalism, Law, Authority, Justice.

پێشەکی

بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی، باشترین فۆرمی حوکمڕانی بۆتە جێباسی سەرەکی نێو فەلسەفەی سیاسی، فەلسەفەی سیاسیش، وەك لقێکی گرینگی فەلسەفە، خەریکی لێکۆڵینەوەو لێوردبوونەوەیە لە کۆمەڵگە و ژیانی دەوڵەت و ژیانی سیاسی. بەو مانایەی فەلسەفەی سیاسی، واتای بەدواداچوون و ڕۆچوونە بە نێو سروشتی کۆمەڵگەی مرۆیی، کە بایەخ بە پەیوەندی نێوان سروستی مرۆڤ، حکومەت و خەڵك، هێزو دەسەڵات، ڕەوایەتیی سیاسی، حوکمڕانی و یاسا، ماف و دادپەروەری ... هیتد، دەدات.

لەڕوانگەی ڕیشەناسییەوە، تێرمە سیاسییەکانی وەك ئەرستوکراسی، دیموکراسی، مۆنارشی، ئۆلیگارشی، بلۆتوکراسی، تایرەنی و دیسپۆتیزم. چەمکەکانی تری وەك هاوڵاتیبوون، دەستوور، دیکتاتۆریەت، گەل، کۆماری و دەوڵەت، دەگەڕێنەوە بۆ هزری سیاسی یۆنانی کۆن، بۆیە یۆنانی کۆن وەك کانیاو و سەرچاوەی سەرەکی فەلسەفە وێنا دەکرێت کە بیر و ئەندیشەی سیاسیی لێوە هەڵقوڵاوە[1]. حوکمڕانی دەستووریش وەك شێوەیەك لە شێوەکانی حوکمڕانی، لە یۆنانی کۆنەوە تاکو فەلسەفەی مۆدێرن بۆتە جێگای بایەخ و مشتومڕ و دیدگای جیاواز. لەم سۆنگەیەوە، کاری فەیلەسووفان گەڕان و لێکۆڵینەیە لە دەستنیشانکردنی باشترین شێوەی حوکمڕانی کە فەزیلەت و چاکەی گشتی ئامانجی بێت. ئەفلاتون Plato بە یەکێك لە مەزنترین ئەو فەیلەسووفانە دادەنرێت کە تێزو تیۆرەکانی لەبارەی کێشەکانی دەوڵەت، یاساو سیاسەت، چاکترین سیستەمی سیاسی، پەروردە و دادوەری و دادپەروەری لە هەر سێ دایەلۆگی (کۆمار Republic)، (سیاسەتمەدار یاخود پیاوی دەوڵەت The Statesman) و (یاساکان Laws) ڕەنگیداوەتەوە. ئەم توێژینەوەیە، وەك هەوڵێکی زانستی، لەڕێگەی خوێندنەوەی تێزەکانی ئەفلاتون، شیکردنەوە بۆ حوکمڕانی دەستووری دەکات.

یەکەم: گرنگی توێژینەوە: فەلسەفە وەك دایکی زانستەکان، هەمیشە لە ئاستێکی باڵا و بە تێگەیشتنێکی قوڵەوە لە دیاردەکان دەڕوانێت، بەو مانایەی فەیلەسووف و بیرمەندان لەڕێگەی گفتوگۆکردنی مەعریفییەوە Knowledge ، جیاواز لە تێگەیشتن و لێکدانەوەی سادە، وەك ئەوەی لەسەر ترۆپکی بڵندایيەوە سەیری کۆمەڵگە و دیاردەکانی ناوی بکەن، بە دونیابینێکی دوور و قوڵەوە لە دیاردەکانی دەوڵەتشار دەڕوانن، بە پێچەوانەوەی ئەو نووسین و توێژینەوانەی کە تەنها زانیاری Information لەخۆ دەگرن و تێگەیشتنێکی قوڵ نادەن بەدەستەوە. ئەفلاتون بە فەیلەسووفی گشت سەردەمەکان ناسێنراوە، تاوەکو ئێستاش لەڕێگەی تێزەکانی ئەم فەیلەسووفەوە خوێندنەوە بۆ پرسی دەستوریەتی هاوچەرخ دەکرێت، توێژەران لەوە دەکۆڵنەوە؛ تا چەند تێز و ئەندێشە و پرەنسیپەکانی دەستووریيەت لە ئەندێشەی سیاسی ئەفلاتون ڕەنگیداوەتەوە، چۆن دەتوانین کێشە دەستوورییەکانی دونیای ئەمڕۆ بەڕێگەی فیکری ئەفلاتون بخوێنینەوە. بەو واتایەی، شیکردنەوەی دیدگاکانی ئەفلاتون سەبارەت بە دەستووریەت و حوکمڕانیەتی دەستووری نەک هەر تێگەیشتنمان لە بیری سیاسی کۆن دەوڵەمەندتر دەکات، بەڵکوو تێڕوانینێکی بەنرخمان پێشکەش دەکات بۆ بونیادی حوکمڕانی باش و کاریگەر و دادپەروەر.

دووەم: کێشە و پرسیاری توێژینەوە: ئەفلاتون وەك فەیلەسووفێکی ئایدیالیزمی و سەربە قوتابخانەی فەلسەفەی یاسای سروشتی، خاوەنی دیدی جیاواز و ورد و ئاڵۆزە، ئەگەرچی لە بنچینەدا خودی تیۆری یاسای سروشتی تیۆرێکی ئاڵۆزەو ئیش لەسەرکردنی کارێکی ئاسان نییە، چونکە پێویستی بە لێوردبوونەوەی قوڵ هەیە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەفلاتون پرسە فەلسەفییەکانی وەك ئایدیالیزم و یۆتۆپیا، ئێتیك و ئەخلاق، دادپەروەری و سەروەری ماف و چەند باسێکی دی ئاڵۆز بە باشترین سیستەم و کۆمەڵگەی سیاسییەوە گرێدەدات، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا پێویستی بەو کاری ڕژد و وردە. هەرچی پەیوەندیدارە بە پرسیارە سەرەکییەکانی توێژینەوە، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵی خستنەڕووی وەڵامی ئەم پرسیارانەی دەخەینەڕوو:

١) چۆن دایەلۆگەکانی ئەفلاتون کۆمار، سیاسەتمەدار و یاساکان بەشدارن لە تێگەیشتنێکی قوڵتر لە حوکمڕانی دەستووری و ڕەهەندە جیاوازەکانی، لەوانەش ڕۆڵی؛ پادشای فەیلەسووف، پێکهاتەی دەوڵەتی ئایدیاڵ، چەمکی دادپەروەری، پەیوەندی نێوان یاسا و دەستوور و پەروەردە؟ بە واتایەکی تر، دیدگای ئەفلاتون بۆ دەستووریەت چۆن لە دیالۆگەکانی دەردەکەوێت و بەچ شێوەیەك ئەم دیدگایە بەشدارە لە تێگەیشتنمان لە حوکمڕانی دەستوری؟ یاخود تا چەند دەتوانرێت لەڕێگەی چەمکی فەیلەسوفی پادشا دەتوانێت خوێندنەوە بۆ مۆدێلەکانی حوکمڕانی هاوچەرخ بکرێت؟

٢) پرسی چینەکانی کۆمەڵگە یاخود دابەشبوونی ڕۆح، چ پەیوەندییەکی بە باشترین سیستەمی سیاسییەوە هەیە کە ئەفلاتۆن بانگەشەی بۆ دەکات؟ لەبارەی پرسی دادپەروەری، ئەفلاتون بە چ شێوەیەک بیرۆکەی دادپەروەری بە پێکهاتەی دەوڵەتی ئایدیاڵ لە 'کۆمار'دا دەبەستێتەوە؟ چەمکی دادپەروەری چۆن کاریگەری لەسەر چوارچێوە دەستورییەکە هەیە کە ئەفلاتون پێشنیاری کردووە؟

٣) هەرچی پەیوەندیدارە بە دایەلۆگی سیاسەتمەدار و یاساکان، لە دیدی ئەفلاتۆندا؛ یاساکان چ ڕۆڵێک دەگێڕن لە پاراستنی حوکمڕانیدا؟ جەختکردنەوەی ئەفلاتون لەسەر پەروەردە چۆن بەشدارە لە سەقامگیری سیستەمی دەستوورییی؟

[1] Rowe, Christopher; Schofield, Malcolm; Harrison, Simon; Lane, Melissa, Paul Cartledge (2000), The Cambridge History of Greek and Roman Political Thought || Greek political thought: the historical context. p 11.

سێیەم: میتۆدی توێژینەوە: ئەم توێژینەوەیە لە بنەڕەتدا، توێژینەوەیەکی وەسفی و شیکارییە؛ بۆیە بەمەبەستی ناساندن و شرۆڤەکردنی چەمکەکان و بۆچوونی بیرمەند و یاساناسان لەلایەك و، تێزو ئەندێشەی سیاسی ئەفلاتۆن لەمەڕ پرسی حوکمڕانی دەستووری لەلایەکی تر، میتۆدی وەسفی و شیکاری بەکارهاتووە. لەبەر ئەوەی توێژینەوەکە دەچێتە چوارچێوەی فەلسەفەی یاسایی، لەڕیگەی میتۆدی فەلسەفەی یاسایی شیکردنەوە بۆ تێکستە فەلسەفییەکانی ئەفلاتۆن دەکەین کە خۆی لە بنکۆڵکاری هەر یەکە لە دیالۆگی (کۆمار، سیاسەتمەدارو یاساکان) دەکەین. میتۆدی فەلسەفەی یاسایی (Legal Philosophy) بریتییە لە بیرکردنەوەیەکی سیستماتیکی لەسەر یاسا کە بابەتگەلێکی زۆر گشتی دەگرێتەوە، لە بنەڕەتدا ئەم مۆدێلە لە میتۆد پرسیار لەبارەی ئەوە دەکات کە دەستوور و یاسا چییە و چۆن پەیوەستە بە دەوڵەت و ئێتیك و ئەخلاقەوە. هەروەها بیرکردنەوە لە بنەما و چەمکە بنەڕەتییەکان، وەک مافی مرۆڤ، دیموکراسی و سەروەری یاسا لەخۆدەگرێت. ئەم توێژینەوەیە سەرنج دەخاتە سەر فەلسەفەی یاسا وەک دیسیپلینێکی یارمەتیدەر بۆ لێکۆڵینەوەی هزری (Doctrinal Research)، بەکارهێنانی میتۆدی فەلسەفەی یاسایی بۆ لێکۆڵینەوە هزری و فەلسەفییەکان، یارمەتیدەرە بۆ جیاکردنەوەی سێ ڕوانگەی تەواوکەر: فەلسەفەی یاسایی وەک چالاکی، وەک فەلسەفەی یاسا وەك تێڕوانین و تیۆریا (١).

چوارەم: پلانی توێژینەوە: بەشێوەیەکی گشتی، ئەم توێژینەوە دابەشکراوە بۆ سێ باسی سەرەکی، لە باسی یەکەمدا ئەندێشەی سیاسی ئەفلاتۆن خراوەتەڕوو لە دایەلۆگی (کۆمار) دا، لەباسی دووەمیشدا گفتوگۆ لەبارەی حوکمڕانی دەستووری لە دیدی ئەفلاتۆن لە هەرسێ دیالۆگی (سیاسەتمەدار) کراوە، لە باسی سێیەم و کۆتایشدا تیشك خراوەتەسەر دیدگای ئەفلاتۆن لە دواین دایەلۆگی بەناونیشانی (یاساکان). لە کۆتایشدا کۆمەڵێك دەرەنجامی هەڵێنجراو لە توێژینەوەکە خراونەتەڕوو.

باسی یەکەم

حوکمڕانی و دەوڵەتی ئایدیاڵ لە دایەلۆگی (کۆماری) دا

لە فەلسەفەی سیاسیدا، بیرۆکە و چەمکی حوکمڕانی Kubernáo لەو کاتەدا دێتە نێو ئەدەبیاتی سیاسی کاتێك فەیلەسووفی یۆنانی (ئەفلاتۆن Plato) لە هەردوو دیالۆگی (کۆمار و یاساکان)دا، وەك مانایەکی مێتافۆر (مەجازی) بۆ هونەری ڕێنیشادان (Art of Navigation) یاخود (ئاراستەی گونجاو) بۆ کۆمەڵگە و هونەری سیاسەتی فەرمانڕەوایکردن بەکارهێنا. لە دیدی ئەفلاتۆندا، چەمکی (ئاراستە - to steer) ڕامانە بۆ ئەرکی سەرەکی سەرکردەی سیاسی لە هێنانەدی گونجان لە نێوان حوکمڕانی و دادپەروەریدا. دواتر فەیلەسووفی یۆنانی (ئەرستۆ Aristotle)ی کە قوتابی ئەفلاتۆن بوو، وەك یەکەمین کەس لە دیالۆگەکانیدا، بۆ پۆلێنکردنی فۆڕمەکانی سیستەمی سیاسی، چەمکی حوکمڕانی لە نێو شێوەکانی حوکمڕانیێتی تۆتالیتاری، ئۆتۆکراسی و دیموکراسی خستۆتەڕوو(٢)، لەم باسەدا تیشك دەخەینەر سەر ئەندێشەی سیاسی ئەفلاتۆن لەبارەی پرسەکانی دەستوور و دادپەروەری لە دایەلۆگی کۆماردا.

تەوەری یەکەم

لەبارەی دایەلۆگی (کۆمار)ی ئەفلاتۆن

دایەلۆگی (کۆمار یاخود پۆلیتیا Politeia - Republic) دەستپێکی تیۆریزەکردنی سیاسەتە لەسەر بنەمای بیرکردنەوەی فەلسەفیی، ئەگەرچی ئەم شاکارە دەوڵەتێکی یۆتۆپیا (Plato’s Utopia) پێشنیار دەکات، هاوکات ناوەڕۆکەکەی گشت بوارەکانی ژیانی مرۆڤایەتی لەخۆ دەگرێت. پرسەکانی دەوڵەت و دادپەروەری، باشترین سیستەمی سیاسی و حوکمڕانی، پرسی سەرەکی ئەفلاتۆنە لە کۆماردا. کۆمار هاوشێوی بەشێك لە بەرهەمەکانی دیکەی ئەفلاتۆن، دیالۆگێکە کە "سوکرات" ڕۆڵی سەرەکی تیادا دەبینێ و باوەڕ و ئەرگۆمێنتەکانی خۆی لەسەر زاری سوکراتەوە بەیان دەکات. لە دیدی ئەفلاتۆن دا، چاکەکاری و دادپەروەری لە دەوڵەتشار city-state بەندە بە فەرمانڕەوا کە فەیلەسووفی خاوەن ماریفەتە (Philosopher-Kings) "مەگەر فەیلەسوفەکان ببنە پادشا لە دەوڵەتدا یان ئەوانەی ئێستا پێیان دەڵێین پادشا و فەرمانڕەوا بە ڕژدی و بە شێوەیەکی گونجاو بەدواداچوون بۆ فەلسەفە و پێکەوە گرێدانی دەسەڵاتی سیاسی و زیرەکی فەلسەفی بکەن"(٣)، چونکە لە دیدی ئەودا، مرۆڤە ئاساییەکان کە مرۆڤی ڕەواڵەتگەراین (Appearance) ناتوانن بە وردی لە داکەوت (واقیع) تێبگەن. تەنها فەیلەسوفە ڕاستەقینەکان " کە ئاشقانی مەعریفە و حیکمەتن lovers of wisdom" دەتوانن درك بە ڕاستیی و بنەماکانی کۆمەڵگەی سیاسی و چاکەی گشتی بکەن. ئەم باسەش بەسەر ئەم تەوەرانەی خوارەوە دابەش دەکەین:

تەوەری دووەم

حوکمڕانی فەیلەسووفان و دادپەروەری لە کۆماری ئەفلاتۆندا

لەبارەی حوکمڕانی فەیلەسووفان، ئەفلاتۆن لەو باوەڕدایە کە دانابوونی فەرمانڕەوا وەك مەعریفەی پسپۆڕانی پزیشکیە، وەك چۆن پزیشك دەتوانێت بۆ پاراستنی تەندروستیمان ڕەچەتەمان بۆ بنووسێت، فەرمانڕەوای زاناش بۆ پاراستنی ڕۆح و ئاکارو سوودمەندبوون لە چاکە، بۆ هەر دەردێك کە دێتە پێش، ڕەچەتە دەنووسێت. بۆیە لە دیدی ئەودا، تا فەیلەسووفەکان نەبن بە پادشا، شارەکان هەرگیز لە شەڕو خراپە ناپارێزرێن. بەم تێزە فیکرییە، کتێبی کۆمار دەبێتە لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی دەوڵەتشار وەك ئەوەی لە یۆنانی کۆندا بوونی هەبووە، هەر بۆیەشە لە دیدی ئەفلاتۆن دا، سیستەمی دیموکراسی سیستەمێکی پەسەند نەبووە، چونکە هەموو ئەندامێکی کۆمەڵگە ناتوانێت بەشدار بێت لە پڕۆسەی حوکمڕانی، چونکە لە ئەنجامی بەشداری سیاسی هەموو چین و توێژەکاندا، پێکدادان و پاراستنی بەرژەوەندی تایبەتییەکانی

(1) Sanne Taekema en Wibren van der Burg, 'Legal Philosophy as an Enrichment of Doctrinal Research Part I: Introducing Three Philosophical Methods', LaM januari 2020, p 2-6.

(2) Vayunandan E: Good Governance, Initiatives in India, Prentice Hall of India, New Delhi, 2003, p.16.

چەمکی حوکمڕانی Gouvernance لە فەڕەنسا و لە سەدەی سێزدەیەم وەکو هاوواتا بۆ چەمکی (gouvernement) وەك (هونەر و شێوازی حوکمڕانی art ou manière de gouverner) بەکارهاتووە، بەتایبەتی لە ساڵی ١٤٧٨ بۆ پێدانی مافی خۆبەڕێوەبردن بە چەند ناوچەیەکی باشوری فەڕەنسا. لە سەدەی چواردەمیشدا ئەم چەمکە گواستراوە نێو ئەدەبیاتی سیاسی ئینگلیزی، بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە، بڕوانە:

Gobin Corinne : Gouvernance, Quaderni, n°63, Printemps 2007. Nouveaux mots du pouvoir, fragments d'unabécédaire. pp. 54-57.

(3) “Unless, said I, either philosophers become kings in our states or those whom we now call our kings and rulers take to the pursuit of philosophy seriously and adequately, and there is a conjunction of these two things, political power and philosophic intelligence”. Plato, “The Republic”, (Oxford World's Classics), Book 5, section 473d.

لێدەکەوێتەوە، بەم تێگەیشتنەش حوکمڕانی ستەمکاری لە دەرەنجامی سیستەمی دیموکراسی دێتە ئاراوەو لەسایەی ئەم سیستەمەش سەروەریی و یاسا و نەریت دەگەنە ئاستی بێبایەخبوون[1].

بۆ ناساندنی سروشتی مرۆڤ و کۆمەڵگە و دۆزینەوەی بنەما هاوبەشەکانیان، ئەفلاتۆن لە کۆماردا وێنای سیستەمێکی سیاسی و دەوڵەتشارێکی دادپەروەرمان بۆ دەکێشێت کە بە پڕچاکەکارترین کۆمەڵگە Plato's Perfect Society ناودێر دەکرێت، بۆ ئەم فۆڕمە لە دەوڵەتشاردا، چەمکی (Kallipolis) پێشنیار دەکات کە بە "کالیپلیسی ئەفلاتون"یش ناو دەبرێت (Plato's Kallipolis)، ئەم چەمکە کە لە دوو بڕگەی جیاواز پێکهاتووە؛ (Kalli) واتە جوان یاخود باش، (polis) واتە شار، بەمەش مانای تێرمەکە ڕامانە لە شارێکی باش یاخود جوان، یانیش شارێکی یۆتوپیای تەواو (The Perfect Utopian City)[2].

بە بڕوای ئەفلاتون، فەیلەسوفەکان تاکە کەسن کە توانای دۆزینەوەی وەڵامی ڕاستەقینە و بابەتیانەیان هەیە بۆ پرسە بنەڕەتیەکانی ژیانێکی باش و شارێکی تەواو، بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسەش؛ لە کتێبی چوارەمی کۆمار لە باشترین شاری نموونەیی و دروستبوونی کۆمەڵگە و ماهیەتەکەی دەکۆڵێتەوەو پێداویستییەکانی مرۆڤ بە هۆکارو فاکتەری هاتنەکایەوەی کۆمەڵگەی سیاسی و دەوڵەتشار لەقەڵەم دەدات، چونکە لە بنەڕەتدا هیچ کەسێک ناتوانێت بەتەنها هەموو پێداویستیەکانی خۆی بەجێبهێنێت، بەڵکوو کاتێک کۆمەڵە مرۆڤێک کۆدەبنەوە، ئامانجیان ئەوەیە هەر یەکێک پێداویستییەک دابین بکات، بەوواتایەی هەر کەسێک خۆی بەکارێکی تایبەت بەخۆی خەریك دەکات کە لەگەڵ سروشتی خۆیدا دەگونجێت. مادام هیچ کەسێك ناتوانێت هەوڵی ئەوە بدات کە هەموو شتێك لە یەك کاتدا ئەنجام بدات، ئەوا تەواوکاری یەکانگیری و هەماهەنگی لە نێوانیان دێتەکایەوەو بەمەش دادپەروەری تەواو (Perfect Justice) بریتییە لە "هەماهەنگی و هەڵکردن Harmony " لە نێوان ئەو چین و توێژانە، ئەم هارمۆنی و هاوئاهەنگییەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەرژەوەندی و تاك و دەوڵەت تێکەڵ بەیەک ببێت، بەم جۆرەش چاکەی یەکێکیان چاکەی ئەویتری لێدەکەوێتەوە، ئەم چاکەش بەدی نایەت تەنها لە ڕێگای تایبەتکردنی کار نەبێت، بەم جۆرەش تایبەتکردنی کار و خەریکبوونی هەر کەسێک بە کارەکەی خۆی، دەبێتە دادپەروەی بۆ کۆمەڵگە، دادپەروەری و خۆشبەختی تاک و کۆمەڵگەش ئەوەیە هەر کەسێک لە کۆمەڵگەدا بە کاری خۆی خەریک بێت و دەست لە کاروباری ئەویتر وەرنەدات، بەڵام پرسیار ئەوەیە کێ چ کارێک ئەنجامبدات یاخود دادپەروەری چۆن دەتوانێ لە دابەشکردنی کارەوە بێتە کایەوە؟ لە وەڵامدا ئەفلاتون لەسەر زاری (سوکرات) جۆرێك لە دابەشکاری مێتافیزیکیانەی کۆمەڵ (چین و توێژەکان)ی دەوڵەتشار لەسەر بنەمای سروشتی جەستەیی و دەروونیان دەخاتەروو و دواتر پێگەو پیشە و ڕۆڵیان لە کۆمەڵگە دەستنیشاندەکات (Classes and Functions In Plato's Republic) پاشانیش دەیانچوێنێت بە دابەشکردنێکی ئۆرگانی و سایکۆلۆژیای ڕۆحیی مرۆڤ.

لە ئەندێشەی ئەفلاتونندا؛ مرۆڤەکان لەڕووی بەهرەی سروشتیان لە یەکتری جیاوازن هەر یەکەیان بەپێی سروشت بۆ کارێکی تایبەت بەدیهێنراون. بەم پێودانگەش؛ جیاکاری دەکات لە نێوان سێ چین و توێژ لە کۆمەڵگەدا؛ چینێکی گەورەی کرێکاران و جوتیار و پیشەوەر و بازرگان (farmers, auxiliaries and trader)، چینی سەرباز و جەنگاوەری پەروەردەکراو (An educated military and warrior) و لەگەڵ نوخبەیەك لە فەیلەسووف و یاسادانەر کە حوکمڕانی شارەکە دەکەن (Elite of philosophers and legislature who will rule the city).

کەواتە چینەکانی ئەم شارە ئیدیالە پێکدێت لە (حوکمڕانان Rulers)، (پاسەوانان guardians)، (پیشەوەرانproducers). دواتر دەیانچوێنێت بە جەستەی مرۆڤ، ئەگەر سەیری لەشی مرۆڤ بکەین سێ بەشی گەورەی تیادایە، (سەر، سینگ، سك)، لەبەرانبەر سێ بەشی ڕەگەزی سەرەکی دەروونی (ئەقڵ، توڕەیی، حەز و ئارەزووە جەستەییەکان)، پاشان بەپێی جۆرو ئەفسانەی کانزایی "The myth of metals" ئەم سێ چینە پۆلێن دەکات لە بەرانبەر (زێڕ، زیو، مس و ئاسن)، پاشان سێ لایەنی چاکەیان دیاریدەکات وەک (دانایی، ئازایەتی، خۆپارێزی). چینی حوکمڕان و سەرکردەی سیاسی کەسانی ئەقڵانین و مەعدەنەکەشیان زێڕە و ئەقلەکەیان ژیری و داناییە، ئەرکیان سەرکردایەتی و بەڕێوەبرنی وڵاتە، چونکە لەسەردا سەر یان مێشکدا، (ئەقڵ) هەیە کە سەرچاوەی زانین و داناییە لە مرۆڤدا، ئەو مرۆڤانەی ئەقڵ بەسەریاندا زاڵە، ئەوا سەریان "ئەقڵیان" بەسەر ژیانیاندا حوکم دەکات، ئەم مرۆڤانەش فەیلەسووفەکانن، چاکە و فەزیڵەت بۆ ئەم مرۆڤانە داناییە. چینی پیشەوەران و بەکۆیلەکانیشەوە کەسانی توڕەن و مەعدەنەکەیان زیوە و ڕوحیەتییەکان ئازایەتیە، ئەرکیان بەرگریکردنە لە وڵات. چینی پیشەوەرانیش کە بەرانبەر لایەنی ئارەزوو دانراون ئەرکیان دروستکردن و دابینکردنی گشت پێداویستیەکانی کۆمەڵگەیە، چونکە مەعدەنەکەیان ئاسنە، ڕوحیەتییەکیان خۆپارێزیە، واتە خۆیان لەوە بپارێزن کە بیانەوێت دەست لە کاروباری دووچینەکەی تر وەربدەن[3].

ئەم شێوە لە هاوئاهەنگی و پلەبەندیە لە نێوان ئەم چین و توێژانە خودی دادپەروەریە. واتە دادپەروەری لە مرۆڤدا ئەوەیە بەشی ئەقڵ فەرمانڕەوایی بکات، بەدیهێنانیش دادپەروەریش بەندە بە پەروەردەوە وەك ئەوەی لە کتێبی پێنجەم ئاماژەی پێدەکات (Book V)، واتە پەروەردە وەك ئامرازێك بۆ گەیشتن بە دادپەروەری لەقەڵەم دەدات جا چ دادپەروەری تاکەکەسی بێت یاخود دادپەروەری کۆمەڵایەتی، بەم جۆرەش چاکبوون فەزیلەتە و فەزیلەتیش بریتییە لە زانین (Virtue is Knowledge) و زانینیش جەوهەری دادپەروەرییە. لەمەوە ئەفلاتۆن بەو دەرەنجامە دەگات کە فەزیلەت لەڕێگەی سێ قۆناغی گەشەسەندنی مەعریفیەوە بەدەست دەهێنرێت ئەوانش؛ هەر کەسە و زانینی کارەکەی خۆی، خودناسین، درککردن و زانینی ئایدیای چاکەکاری، بەم جۆرەش لە دادپەروەری کۆمەڵایەتی کاتێك دێتەکایەوە کە هەموو چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگە (کرێکاران، جەنگاوەران، فەرمانڕەواکان) لە پەیوەند هارمۆنی و هاوئاهەنگیدابن، ئەم هارمۆنی و هاوئاهەنگییەش لە کاتێکدا دێتە بوون کە کۆمەڵگە لە تەمەنێکی بچووکەوە دەرفەتی پەروەردەیی یەکسانیان بۆ فەراهەم

[1] Christopher Rowe, Plato: the search for an idea from of state (Political thought from Plato to NATO), Chicago Dorsey Press, 1988, pp 18.

[2] Kevin Main, "Plato's Perfect Kallipolis, Analysis and Feasibility" and "The City-State of the Soul: Constituting the Self in Plato's Republic", Polis: The Journal for Ancient Greek and Roman Political Thought, 12 Apr 2018, p 324.

[3] زۆرێك لە نووسەرانی کورد و سکۆلەرانی بواری فیکر و فەلسەفە باسی ئەم دابەشکارییان کردووە بە لێکدانەوەو شیکاری جیاواز، لەم بارەیەوە بڕوانە:
- د. محمەد کەمال: فەلسەفە لێرەوە دەدوێت، کتێبی چوارەمی لۆگۆس، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری لۆگۆس، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٢١، لا ٢٠٠ و دواتر.
- د. محەمەد کەمال: فەلسەفەی ئەفلاتۆن، دەزگای پاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠١٠، لا ٢٠١٥-٢٦٢.
- مەریوان وریا قانع: فیکر و دونیا (بەرگی یەکەم)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی، ٢٠١٣، لا ٣٤٦-٣٥٠.

بکات تاوەکو بەشێوەیەکی دادپەروەر کێبڕکێ لەگەڵ یەکتردا بکەن. بەپێچەوانەشەوە بەبێ دەرفەتی پەروەردەیی یەکسان و حوکمڕانیکردن لەلایەن کەسانی شایستە، کۆمەڵگەیەکی نادادپەروەر و دیستۆپیاو دێتەبوون کە دواجار دەبێتە تایبەتمەندی حوکمڕانی تیمۆکراسی (حوکمڕانی گەندەڵ) ئۆلیگارشی و ستەمکاریی.(١)

تەوەری سێیەم

بنەماکانی دەستووریيەت و فۆڕمەکانی سیستەمی سیاسی لە کۆماری ئەفلاتۆندا

لەبارەی شێوەکانی حوکمڕانی و چاکترین سیستەمی فەرمانڕەوایی، ئەفلاتۆن لەسەر زاری سوکرات و لە کتێبی هەشتەمی کۆماردا، نموونەی باڵای سیستەمی حوکمڕانی دەخاتەڕوو، بەجۆرێك سیستەمەکان بۆ (ئەرستۆکراسی Aristocracy، تیمۆکراسی Timocracy، ئۆلیگارشی Oligarchy، دیموکراسی Democracy، تایرەنی یاخود دیسپۆتیزم Tyranny of Despotism) پۆلێن دەکات، فەیلەسوفەکان لەڕێگەی ئەقڵەوە حوکمڕانی سیستەمی ئەرستۆکراتی دەکەن کە ئەمەش دوو پاڕادایمی (paradigm) لەخۆدەگرێت، حوکمڕانی شار لەلایەن ئەرستۆکراتەکان (ئەرستۆکراتییەت لەسەر بنەمای زانین نەك ماڵ و ڕەچەڵەك) دادپەروەری سیاسی و ئەقڵانیبوونی روحی ئەرستۆکراتەکان دادپەروەری کەسی بەرهەم دێنینن (٢).

دیدگاکانی ئەفلاتۆن لە کۆماردا لەبارەی دابەشکاری کۆمەڵ و سیستەمی حوکمڕانیی لەلایەن بیرمەندان و توێژەران ڕووبەڕووی ڕەخنەکراونەتەوە، بەوەی ئەفلاتۆن نەك هەر پێداگیری لە حوکمڕانی یۆتپیا و نموونەیی نەکردووە، بەڵکوو تێزەکانی بەرگریکردنی سەرسەختن لە دیستۆپیا و حوکمڕانی تۆتالیتاری ئەمەش وەك کاردانەوەیەك بەرانبەر نائومێدی لە دیموکراسی ئەسینای ئەو سەردەم لە تێزەکانی بەدەردەکەوێت. یەکێك لەو ڕەخنەگرانەش، فەیلەسوف و ئەکادیمیستی نەمسایی-بەریتانی، کارل پۆپەر Karl Popper کە یەکێکە لە کاریگەرترین فەیلەسوفەکانی سەدەی بیستەم. پۆپەر لە کتێبەکەی بەناونیشانی "کۆمەڵگەی کراوە و نەیارانی The Open Society and Its Enemies" کە بەرهەمێکە داکۆکی لە کۆمەڵگەی کراوەو لیبراڵ دیموکراسی دەکات، لە بەرگی یەکەمی کتێبەکەیدا "ئەفلاتۆن"ی بە تیۆریستی سەرەکی نێو تۆتالیتارییەتی جیهانی کۆن وەسف دەکات. لە دیدی پۆپەردا، تێزەکەی ئەفلاتۆن لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەوە هەڕەشە و مەترسی گەورەن لەبەردەم دیموکراسییەت و بەها باڵاکانی وەك یەکسانی و ئازادی تاك، چونکە بەڕێوەبردنی دەوڵەتشار (کۆمار) لەلایەن نوخبەیەکی دەسەڵاتدار وەك نوخبەیەکی بەرزتر و باڵاتر لە دانشتوانی ئەو دەوڵەتەی حوکمی تیادا دەکەن، کۆمەڵگەی داخراو و تۆتالیتاریی و دەسەڵاتی ڕەهای فەیلەسووفانە (Absolute Power) بەرهەم دێنیت کە پێچەوانەی فرەیی و پلۆرالیزم و بەها باڵاکانی یەکسانی و کەرامەتی مرۆڤ و ئازادییەکانن (٣).

لوک بریسۆن (Luc Brisson) نووسەری کەنەدی فڕانکۆفۆنی بواری مێژووی فەلسەفە لە کتێبی ‘ Plato’s Political Writings: a Utopia" پرسی یۆتۆپیای ئەفلاتون شرۆڤە دەکات، ئەو پێی وایە تێزەکانی ئەفلاتۆن لە ناڕەزایی سیاسەتی ئەسیناوە سەرچاوەیان گرتووە و ئەم دیدگایانەش ڕەخنەگرتنە لە ناتەبایی ئابووری و سیاسی ئەسینا، هەروەرها ڕەخنەکردنی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی شارەکە بۆ ڕەگەز، هاوسەرگیری، یاسا و ڕژێمی یاسایی و پاڵنەرە ئیمپریالیستەکانی. لە نامەی حەوتەمەوە، بانگەشەی بریسۆن ئەوەیە کە؛ ئەفلاتون یۆتۆپیا نەبووە، بەڵکوو ‘شۆڕشگێڕێکی بێدەسەڵات’ بووە. ئەفلاتون چارەسەری خەیاڵی بۆ کێشە سیاسییەکان نەخستۆتەڕوو، بەڵکوو نەخشەی بۆ گۆڕانکاری سیاسی پێشکەش دەکرد کە مەبەستی ئەم گۆڕانکاریانە بە کردەوە بەدی بهێنێت، یاخود بە گۆڕینی سیاسەتی ئەسینای زێدی خۆی، یان بە هاندانی شۆڕش لە سیسیلیا. ئەفلاتون بەهۆی پێشنیازە ڕادیکاڵەکانی کۆمارەوە سەرزەنشت کرا، دەستکاری ڕژێمەکەی کرد و کۆمەڵگەیەکی فەزیلەتدار و بەختەوەری لە یاساکاندا پێشنیاز کرد.(٤)

بە خوێندنەوەو وردبوونەوە لە هزری سیاسی ئەفلاتۆن لە دایەلۆگی (کۆمار) دا، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە بیری دەستووریيەت و پرەنسیپەکانی حوکمڕانی دەستووری لە دایەلۆگی کۆمار بە فۆڕمی مۆدێرنەکەی تیۆریزە نەکراوە، واتە ئەفلاتۆن باوەڕی تەواوی بەو مۆدێلە سیاسییە کە تێیدا پادشایەکی فەیلەسووف یاخود فەیلەسووفێك پادشا و حوکمڕان بێت، چونکە لە دیدی ئەفلاتۆن تاکە کەسێك بتوانێت دادپەروەری ڕاستەقینە بێنێتەدی فەیلەسووفەکانن. بەڵام ئەوەی لێردا دەبێتە جێگای پرسیار، ئایا فەیلەسووفەکان خاوەنی دەسەڵاتی ڕەهان یاخود دەسەڵاتیان کۆتوبەندکراوە بە یاساییەك لەسەروی دەسەڵاتی خۆیان؟ ئایا شێوازی دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە نێوان فەیلەسووفان چۆن پەیڕەو دەکرێت؟

سەبارەت بە سنووردارکردنی دەسەڵاتی پادشا لەڕێگەی یاسا کە کرۆکی پرسی دەستووریيەتە، لە دیدی ئەفلاتۆن، پێویست دەکات دەسەڵاتی (فەیلەسووفی پادشا) وەکو گشت تاکەکانی نێو کۆمار پەیڕەوی لە یاساکانی دەوڵەت بکەن، لەو ڕێسایانەش؛ نابێت فەیلەسووفی پادشا خێزاندار بێت و ژیانی هاوسەرگیری پێکبێنێت، هەروەها نابێت خاوەنی موڵك و ماڵ و خاوەندارییەتی تایبەت بێت(٥).

لەڕووی دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە نێوان فەیلەسووفێکەوە بۆ فەیلەسووفێکی تر لە نێو کۆماردا، ئەفلاتۆن باوەڕی وابوو کە نابێت لە هەر سەردەمێکدا یەك فەیلەسووف فەرمانڕەوا بێت، بەڵکوو لە کۆماردا کۆمەڵێك فەیلەسووفی پەروەردە کراوە لە ژن و پیاو بوونیان هەیە، لێرەوە دەردەکەوێت کە ئەفلاتۆن لەڕووی بەشداری سیاسی جیاوازی نەکردووە لە نێوان ژن و پیاو، ئەگەر ژن و پیاو هەمان پەروەردە و ڕاهێنیان هەبێت، دەبن بە فەیلەسووف و فەرمانڕەوا کە ئەمەش پێچەوانەی تێگەیشتنی (ئەرستۆ)یە سەبارەت بە بەشداری ژن لە سیاسەت و حوکمڕانیدا. سەبارەت بە دەستنیشانکردنی فەیلەسووفی پادشا، لە کۆماردا هەموو فەیلەسووفەکان بە یەکەوە دەژین و

---

(1) Lee, Myungjoon, "Plato's philosophy of education: Its implication for current education" (1994). Ph.D. Dissertations (2010) https://epublications.marquette.edu/dissertations/AAI9517932.

(2) Sean McAleer, “Plato’s Republic an Introduction” Cambridge, 2021, The Decline and Fall of the Ideal City-Soul Books VIII–IX, p. 228-248.

(٣) هەندێك لە بیرمەندان، لەوانەش (ماریك بیتشـــۆڤاك Marek Piechowiak)ی پۆڵەندی، ئەم ڕەخنانەی ئاراســـتەی دیدگاکانی ئەفلاتۆن کراون لە دایەلۆگی کۆمار لەبارەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی تۆتالیتار و دیســـتۆپیا، بە تێگەیشـــتنی دروســـت نازانێت، بەڵکوو ئەو پێیوایە کە پێچەوانەکەی ڕاســـتە و ئامانجی ئەفلاتۆن بونیادنانی دەوڵەتێکی پابەندە بە پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ و دادپەروەری، بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانی چەندین ئارگومێنت دەخاتەڕوو. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە:
Marek Piechowiak, “Plato’s Conception of Justice and the Question of Human Dignity”, Peter Lang Publishing, 2019.

(4) Luc Brisson, Plato’s Political Writings: A Utopia, Polis: The Journal for Ancient Greek and Roman Political Thought, 2020, pp 400-420.

(٥) د. محەمەد کەمال: فەلسەفە لێرەوە دەدوێت، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٢١١.

بەشداری لە بەڕێوەبردنی جومگە جیاوازەکانی دەسەڵات دەکەن. لە نێو کۆمەڵێك فەیلەسوف، ئەو فەیلەسووفەی لە ڕووی بیرکردنەوە بەتواناتر و دەوڵەمەندتر و لەڕووی تەمەنیشەوە لە هەموویان بەتەمەنترە، دەبێتە سەرۆکی کۆمەڵە و سەرۆککۆمار، لەکاتی مردنی فەیلەسووفێك، فەیلەسووفێکی تر جێگەی دەگرێتەوە[١].

باسی دووەم

ڕەنگدانەوەی حوکمڕانی دەستووری لە دایەلۆگی (سیاسەتمەدار) دا

بە پێچەوانەی دیدگاکانی لە کۆماردا؛ کە تیۆرە سیاسییەکەی خۆی لە دورخستنەوەی پێگەی یاسا و بونیادنانی دەوڵەتی یۆتۆپیایی دەبینێتەوە، ئەفلاتۆن لە دایەلۆگی **(سیاسەتمەدارThe Statesman)** کار لەسەر گەڕاندنەوەی پێگەی یاسا بۆ نێو دەوڵەت دەکات و حوکمڕانی دەستووری دەخاتە نێو فۆرمەکانی سیستەمی حوکمڕانی و وەڵامی ئەو پرسە دەداتەوە کە لە نێوان حوکمڕانی تاکەکەسی یاخود حوکمڕانی دەستووری کامیان چاکترین فۆرمی حوکمڕانیە. بەو مانایەی، یەکێك لە پرسە بنەڕەتییەکانی کتێبی سیاسەتمەداری ئەفلاتۆن ئەوەیە کە ئایا دەبێ دوا بڕیار لای تاکی فەیلەسووفی فەرمانڕەوا خۆی بێت، یاخود یاسا و یاسادانەران ڕۆڵ و پێگەی لەم نێوەندەدا هەبێ، چونکە ئەم دایەلۆگە باس لە شارەزایی فەرمانڕەوا و یاسادانەر (nomothetikē) دەکات وەک بەشێک لە زانستی سیاسی (politikē) و بە شێوازی عەقڵی پراکتیکی لێێ دەکۆڵێتەوە.

تەوەری یەکەم

لەبارەی دایەلۆگی پۆلیتیکۆس (سیاسەتمەدار)

لە دایەلۆگی پۆلیتیکۆس یاخود پیاوی سیاسیدا ، ئەفلاتۆن پێداگیری لەسەر گرینگی زانستی سیاسەت دەکاتەوە. لەدیدی ئەودا، فەرمانڕەوای فەیلەسوف و شارەزا لە زانستی سیاسی و هونەری حوکمڕانیی، دەتوانێت دەوڵەتێکی دادپەروەر بێنێتەدی، هەر لەم قۆناغەشدا ئەفلاتون وا لە یاساکان دەڕوانێت کە جێگیریان تێدا نییە و و ناتوانن دادپەروەری بۆ هەموو کەسەکان و و لە هەموو سات و بارودۆخێکدا بێننەدی، لێرەشدا ئەفلاتون **پەنجە** دەخاتەسەر کەموکورتی کەڵێنی یاساکان، بۆیەشە بە درێژایی مێژووی هزری سیاسی هەوڵدراوە لەڕێگای هەموارکردن و ڕاڤەکردن و ئیجتیهادی دادگاکانەوە ئەو کەڵێنانە پڕ بکرێنەوە[٢]. کەواتە ئەفلاتون یاسا نووسراوەکان بە ئامرازێکی ناتەواو وەسف دەکات، چونکە بەو جۆرەی کە پێویستە، ناتوانن دەرهەقەتی ئاڵۆزییەکانی ژیان بێن و سروشتی یاساکان بەجۆرێك چەقبەستوو و نەگۆڕن، لەگەڵ بارودۆخ و هەلومەرجەکان ناگونجێن. لە دیدی ئەفلاتونداا، باشترە فەرمانڕەوایی بەدەست کەسێکی پسپۆڕەوە بێت و بتوانێت بۆ هەر کێشەیەك کە دێتە پێش، چارسەرێك بخاتەڕوو. بەڵام لێرەدا ئەفلاتون بە دونیابینییەکی واقعیتر لە حوکمڕانی دەڕوانێت، وەك لە ئایدیاکانی لەمەڕ دەوڵەتی یۆتۆپیا لە کۆماردا، چونکە لە کتێبی سیاسەتمەدار دا، گریمانەی ئەوە دەکات کە توێژی ڕۆشنبیر و فەیلەسوف لە کۆمەڵگەدا دەگمەن بن، لەم دۆخەشدا مرۆڤەکان ناچارن پشت بە یاسا ببەستن.

تەوەری دووەم

دەستوور و سیستەمی سیاسی لە دایەلۆگی سیاسەتمەدار

فۆرم و تایپەکانی سیستەمی سیاسی و رژێمەکانی حوکمڕانی بە جەوهەری یاسای دەستووری دادەنرێن، واتە ئەرکی هەرە سەرەکی یاسای دەستووری بە مانا مۆدێرنەکەی، دیاریکردنی جۆری سیستەمی سیاسی و شێوازەکانی کارکردنییەتی. لە درێژایی دایەلۆگی سیاسەتمەدار، ئەفلاتون خەریکی شێوازی دابەشکردنە بۆ شیکردنەوەی هەر فۆرمێکی حکومەت و حوکمڕانی. ئامانج لێی دۆزینەوەی ئەو خاڵە هاوبەشەیە کە شارەزایی دەوڵەتمەداری ڕاستەقینە پێناسە دەکات، بەبێ گوێدانە جۆری سیستەمی سیاسی. لەم دایەلۆگە سیاسەتمەدار وەک کەسێک وێنا دەکرێت کە خاوەنی زانیارییە لەسەر چۆنیەتی ئیدارەدانێکی کاریگەر بەسەر کۆمەڵگە و یاساکان، پاراستنی هاوسەنگی و دادپەروەری لەناو دەوڵەتدا.

کەواتە دەستەواژەی "دەستوور" لە چوارچێوەی "سیاسەتمەدار"ی ئەفلاتون، ئاماژەیە بۆ پێکهاتە و ڕێکخستنی ڕژێمێک یان حکومەتێکی سیاسی. لە دیالۆگەکەدا (ئەفلاتون) و کەسێکی نامۆ لە نێو دایەلۆگەکەدا (Eleatic Stranger) باس لە جۆرە جیاوازەکانی دەستوور دەکەن، کە لە بنەڕەتدا فۆرمی جیاوازی حوکمڕانین. لە دایەلۆگەکەدا ئەفلاتون پێنج جۆری جیاوازی دەستوور یان سیستەمی سیاسی شیدەکاتەوە، کە بریتین لە پاشایەتی، ئەرستوکراسی، تیمۆکراسی، ئۆلیگارشی و دیموکراسی. هەر یەک لەو دەستوورانە خاوەنی تایبەتمەندی و بنەمای حوکمڕانی جیاوازن کە هەڵسوکەوتی حوکمڕان و هاووڵاتیان مەنیفێست دەکەن. "سیاسەتمەدار" لێکۆڵینەوە لەوە دەکات کە چۆن هەر دەستوورێک خاڵە بەهێز و لاوازەکانی خۆی هەیە و گفتوگۆکەش قووڵ دەبێتەوە لە ئاڵۆزییەکان و تەحەددیاتەکانی پەیوەست بە هەر فۆرمێکی حکومەتەوە. ئەفلاتون لە ڕێگەی گفتوگۆکانیانەوە ئامانجی دەستنیشانکردنی شارەزایی سیاسەتمەداری فەرمانڕەوای ڕاستەقینەیە، کە دەستووری تایبەت تێدەپەڕێنێت و لە دەوری توانای حوکمڕانی کاریگەر و پاراستنی دادپەروەری و هاوسەنگی لەناو دەوڵەتدا دەسوڕێتەوە. [٣]

دیالۆگەکەدا، ئەفلاتون قووڵ دەبێتەوە لە پرسیاری تایبەت بە باشترین ڕێگاکانی ڕێکخستن و داڕشتنی کۆمەڵگە و ڕۆڵی فەزیلەت و زانین لە پرۆسەی سەرکردایەتیدا، گرنگە لە چوارچێوەی ئامانجە فەلسەفییە گەورەکانیدا لە چەمکی دەستووری ئەفلاتون تێبگەین، کە بریتین لە تێگەیشتن لە سروشتی دادپەروەری و فەزیلەت و دەوڵەتی ئایدیال.[٤]

بۆیە دیدی ئەفلاتون (لە دایەلۆگی سیاسەتمەدار) دا، چاکترین شێوەی حوکمڕانی کە بابەتی سەرەکی یاسای دەستوورییە، بریتییە لە پادشایەتی، ئەم فۆرمە لە حوکمڕانی وەك باشترین جۆری حوکمڕانیی وێنا دەکات ئەگەر بەگوێرەی یاسا پەیرەوی لێبکرێت و پابەندی

---

[١] لە دیدی ئەفلاتوندا، سیاسەتمەداران و ئەوانەی خاوەنی دەسەڵاتن، واتە (فەیلەسوفەکان) نابێت هاوسەرگیری ئەنجام بدەن و خێزان دروست بکەن، لەبری دروستکردنی خێزان و منداڵ، فەیلەسووفی پادشا دەبێتە باوکی گەل، چونکە ئەگەر خێزان و منداڵی خۆی هەبوو، ئەوکات بەرژەوەندی خێزانەکەی پێش بەرژەوەندی گەل دەخات کە ئەمەش جۆرێکە لە گەندەڵبوونی دەسەڵات. بۆ زیاتر زانیاری، بڕوانە: د. محەمەد کەمال: فەلسەفە لێرە دەدوێت، هەمان سەرچاوە، لا ١٩٦-١٩٧-١٩٩-٢٠٤.

[٢] د. عوسمان یاسین عەلی: فەلسەفەی یاسا لە هزری (ئەفلاتون) دا – لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری، توێژینەوەیەکی بڵاوکراوە لە پێنجەمین کۆنفرانسی زانستیی نێودەوڵەتی فاکەڵتی یاسای زانکۆی تیشکی نێودەوڵەتی، ٢٠٢٠، لا ٣٠.

[3] Dimitri El Murr, Kingship and Legislation in Plato's Statesman. Polis, 2021, 38 (3), pp.436-449.

[4] Gerald Mara, Constitutions, Virtue & Philosophy in Plato's "Statesman" & "Republic", Polity, Vol. 13, No. 3 (Spring, 1981), Palgrave Macmillan Journals pp. 355-38.

پرەنسیپەکانی یاسا بێت، دوای حوکمڕانی پادشایی پابەند بە یاسا، حوکمڕانی ئەرستۆکراتی و دیموکراسی دەستووری دێن، بە پێچەوانەوە ئەگەر هەر یەکێك لەم تایپانەی حوکمڕانی پابەندی یاسا نەبوون، ئەوا ئاراستەی هێزەکەیان سەردەکێشێت بەرەو زۆرداری و ستەمکاری کە خراپترین فۆرمی حوکمڕانین.

ئەفلاتۆن لەم دایەلۆگەدا، جەخت لەوە دەکاتەوە کە باشترین فۆرم و جۆری دەسەڵات ئەو دەسەڵاتەیە کە هاندەر و پارێزەری هاووڵاتیانی خۆیەتی، هەروەك ئەم چەمکە پەیوەستە بەو دەسەڵاتەی کە دەوڵەتمەدار یان کەسێکی خاوەنی زانستی سیاسی حوکمڕانی دەکات و لەسایەی تێگەیشتن و جیهانبینیی خۆی گرنگییەکی تەواو بە پەروەردەکردنێکی فەزیلەتمەندانە دەدرێت لە نێو هاوڵاتیاندا. پەسەندکردنی حوکمڕانی یان باڵادەستیی یاسا نووسراوەکان پرسێکی تری ئەم بابەتەیە، چونکە لەم دایەلۆگە بایەخ بە ڕۆڵی پێگەی یاسا نووسراوەکان دەدرێت بەهۆی دەگمەنی تاکەکانی کۆمەڵگە کە خاوەنی حیکمەتی سیاسین. لەم سیاقەدا وا دەردەکەوێت کە پاشایەتی و ئەرستۆکراسی لە باشترین ڕژێمەکان نزیکن، لە کاتێکدا ئۆلیگارشی و دیموکراسی بە لاسایی دادەنرێت بەڵام بە ئاست و رادەیەکی کەمتر. ئازادی لە نێو ئەو ڕژێمانەی هەڵگری خاسییەتێکی چەوسێنەر نین پرسێکی دیکەی سەرەکی پەیوەندی نێوان ئازادی و ڕژێمەکانە. دەقەکە باس لەوە دەکات کە چۆن ڕژێمە تەقلیدییەکان بە پشتبەستن بە پێشخستنی ئازادی سەر دەکەون.[1]

باسی سێیەم

ڕەنگدانەوەی بیرۆکەی حوکمڕانی دەستووریی لە دایەلۆگی (یاساکان) دا

دایەلۆگی (یاساکان The Laws)ی ئەفلاتۆن[2]، کە بەرهەمی تەمەنی پیری و درێژترین دایەلۆگییەتی، یۆتۆپیاییەکی دیکەیە کە خۆی لە دانانی دەستور و یاسا دەبێنێتەوە بۆ شاری یاساکان، هەروەك لە ناونیشانەکەیەوە دیارە، بابەتی سەرەکی و جەوهەری دایەلۆگەکە بریتییە لە یاسا. ئەفلاتۆن لە (یاساکان)دا کۆمەڵگەیەکی سیاسی پێشنیار دەکات کە لەبری (فەیلەسووفی فەرمانڕەوا) پشت بە یاساکان ببەسترێت، بەبێ ئەوەی مەبەستی بێت دەستبەرداری ئەو تێزە بێت کە لە کۆماردا ئاماژەی بۆ کردووە. بەو مانایەی، ئامانج و دیدگای ئەفلاتۆن لە کتێبی (یاساکان)دا، وەسفکردن و بەیانکردنی دەوڵەتێکە کە لە دوای دەوڵەتی ئیدیالی کۆمارەوە دێت؛ کە دووەم باشترین دەوڵەتە (The second best state)[3].

تەوەری یەکەم

یاسا و یاسادانان لە دایەلۆگی یاساکانی ئەفلاتۆندا

دایەلۆگی یاساکان دووەمین پرسی سەرەکی ئەفلاتۆنە دەربارەی باشترین دەستوور یاخود بونیادنانی دەوڵەتشاری یاساکان. دەستپێکی دایەلۆگی یاساکان بە ناوی (خودا) " god -Theos " و ئەو پرسیارە دەست پێدەکات؛ خودا یاخود ئادەمیزاد، کە هۆکارو سەرچاوەن بۆ دانان و داڕشتنی یاسا، ئەم پرسیارە ئەوە دەخاتەڕوو کە ئەفلاتۆن ئەوەی نەویستووە کە بەشێوەیەکی سادە گریمانەی ئەوە بکرێت کە سیستەم و ڕژێم بنچینەیترە لە هۆکاری دانانی یاساکان، لەوانەیە یاساکان لە سیستەم و ڕژێمەوە نەخولقێنرێن، بەڵکوو یاساکان لەلایەن مرۆڤی باڵا یاخود سەرچاوەی سروشتییە باڵاکان بێنەبوون، لە دەوڵەتشارەکانی یۆنانی کۆنی سەردەمی ئەفلاتۆندا، خەڵك بڕوایان بە باڵایی خودا وەك سەرچاوەی یاساکان و هەم سەرچاوەی سیستەم و ڕژێمی سیاسی هەبوو، هەروەك لە ئاینە ئاسمانییەکاندا ئاماژە بە خودا کراوە وەك سەرچاوەی یاساکان[4].

ئەفلاتۆن لە دایەلۆگی یاساکاندا بە دیاریکراوی پێناسەیەکی ئەبستراکتی چەمکی یاسای نەکردووە، بەڵکوو گفتوگۆ دەکات لەبارەی بنەچەی یاسا و ئامانج و چۆنیەتی ڕێکخستن و داڕشتنی یاساکان لەپێناو بونیادنانی دەوڵەتێکی نموونەیی و فەراهەمکردنی ژیانی خۆشگوزەران بۆ هاوڵاتیان، واتە لە دیدی ئەفلاتۆندا، ئامانجی یاسا بریتییە لەدابینکردنی خۆشگوزەرانی و سەقامگیری و دەوڵەتێکی سیستەماتیکی و دامەزراوەیی. لەم دایەلۆگەدا گفتوگۆی سەرەکی بریتییە لە چەمکی یاسا و سەرچاوەی یاسا و پرۆسەی یاسادانان، بە تێگەیشتنی ئەفلاتۆن، سەرچاوەی یاساکان یاسای دەستکردی مرۆڤەکان نین، بەڵکوو سەرچاوەکەی بۆ خوداوەند و سروشت دەگەڕێتەوە کە سەرچاوەی ڕەسەنی یاساکانن. بەم پێودانگەش، کاتێك یاسای سروشتی دەبێتە سەرچاوەی یاساکان، ئەوا ناتوانرێت بە ئاسانی هەمواری یاساکان بکرێت؛ تەنها لە دۆخی زۆر سنوودار و پێویست و ناچاری نەبێت، بۆ گۆڕانکاری و هەمواری یاساکانیش، پێویستە پارێزەرانی یاساکان ڕاوێژ بە گشت بەرپرسان و تەواوی هاوڵاتیان بکەن و ڕەچاوی پەیامە ئیلاهییەکان بکەن، بەو مانایەی هەمواری یاسا پێویستی بە ڕەزامەندییەکی دەستەجەمعی بەرپرس و هاوڵاتیان هەیە. ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندییە هەرە بەرچاوەکانی یاساکانی ئەفلاتۆن بە بەراورد بە یاسای مۆدێرن.[5]

ئامانجی یاسادانان لە دایەلۆگی یاساکاندا، بریتییە لە چۆنیەتی ئیدارەدانی دەوڵەت بە باشترین شێوەو هاوڵاتیانیش بەباشترین شێوە لە نێو دەوڵەتەدا بژین. ئەم ئامانجانە بەوە دێنەدی کە هایڕاکی و پلەبەندی یاساکان بپارێزرێن، بەمەش دەستوور و یاساکان ڕۆڵی تەواوکەری یەکتر دەبینن هێنانەدی ئەم ئامانجانە. ئەفلاتۆن لە یاساکاندا ئاماژە بە چۆنیەتی دانانی یاساکان دەکات کە دەبێت ڕەزامەندی هاوڵاتیانی لەسەر بێت تاوەکو هەموو هاوڵاتیان پێیەوە پابەندبن، هەروەها لەبارەی زمانی نووسینی یاساکان ئەوە دەخاتەڕوو کە دەبێت زمانی یاساکان

---

(1) Gerald Mara, Constitutions, Virtue & Philosophy in Plato's "Statesman" & "Republic", Polity, Vol. 13, No. 3 (Spring, 1981), Palgrave Macmillan Journals pp. 355-38.

(٢) دایەلۆگی یاساکان (The Laws)ی ئەفلاتۆن، درێژترین دایەلۆگی تەمەنی پیرییەتی و تاکە دایەلۆگە کە مامۆستاکەی سوکرات تیادا ئامادەگی نییە، گفتوگۆیەکە لە نێوان سێ پیاوی بەساڵاچوو، کلینیاس (Clinias)ی کریتی، ماك گیلیس (Spartan Megillus)ی سپارتایی، کەسێکی تری نەناسراوی لەژێر ناوی (نامۆی ئەسینایی Athenian Stranger) کە کەسێکە وا دەردەکەوێت لە سوکرات بچێت، بەڵام ناسنامەی نەناسێنراوە (unnamed Athenian)، ئەم پیاوانە کاردەکەن بۆ دروستکردنی دەستورێک بۆ مەگنیسیا کە کۆلۆنییەکی نوێی کریتانە.

- Thomas L. Pangle, The Laws of Plato, University of Chicago Press, Mar 15, 1988, pp 10-562.
- Leo Strauss, The Argument and the Action of Plato's Laws, University of Chicago Press, 2014, pp 10-196.

(3) Harmon. M Judd: political thought from Plato to the Aristotle, Mcgraw-Hill book, N.Y.1962, P 44.

(4) Thomas L. Pangle, The Laws of Plato, University of Chicago Press, Mar 15, 1988, pp 10-562.

(5) Hyeok Yu, Persuasion and Compulsion: Principles of the Constitution in Plato's Laws (MA by Research Thesis, Department of Classics and Ancient History, University of Durham - UK, 2005, pp 5-11.

زمانێکی ڕوون و پاراو و جیاواز بێت لە زمانی شیعری، چونکە زمانی شیعری زمانێکە لە هەستەکانەوە دێتەبوون و دەکەوێتە دەرەوەی ئەقل، واتە هەست و سۆز لەبڕی (ئەقڵ) بەسەر زمانی شیعردا زاڵە. هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە زۆرجار زمانی شیعری ئاراستەی کەسێکی یاخود کەسانێکی دیاریکراو دەکرێت، بەڵام زمانی یاسا زمانێکی جەماوەرییە و ئاراستەی گشت تاکەکان دەکرێت. دەبێت یاسادانەر لەڕووی داڕشتنی یاساکان فەیلەسووف بێت یاخود شارەزای فەلسەفە بێت، تاوەکو یاساکان بەشێوەی ئەقڵانی و ورد و دوورمەودا بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە دابڕێژرێت.[١]

ئەم تێزەی ئەفلاتون لەبارەی میکانزمەکانی دانان و نووسینی یاساکان لە کتێبی (ڕۆحی یاساکان)ی فەیلەسووفی فەڕەنسی (شارل مۆنتسکیۆ) ڕەنگیداوەتەوە، کاتێك ئەم بیرمەندە لە کتێبی بیست و نۆیەم سەبارەت بە (چۆنییەتی داڕشتنی یاسا) کۆمەڵێك پێوەر بۆ یاسادانەران دەخاتەڕوو و باس لە هونەری یاسادانان دەکات، ئاماژە بەوە دەکات کە پێویستە یاسادانەر لەکاتی دانانی یاساکان سەرنجی ئەم خاڵانە بدات: (داڕشتنی ناوەڕۆکی یاسا ڕاشکاوانە بێت، پێویستە نووسین و داڕشتنی یاسا سادە بێت و تێگەیشتن و مانای ڕوون بەدەستەوە بدات، هەرگیز نابێت بەناسکییەوە بنووسرێت ... هتد)، مۆنتسکیۆ لە بەشی نۆزدەهەمی (ڕۆحی یاساکان) ئەفلاتون وەك یاسادانەرێك دەناسێنێت کە هاوشێوەی زۆرێك لە فەیلەسووفانی دیکە بیروبۆچوون و هەست و سۆزی لە یاساکانی ڕەنگیداتەوە وەك بێزاری و نەفرەت لە دەسەڵاتی ستەمکاری ئەسینای ئەو سەردەم[٢].

یەکێك لە لایەنە گرینگەکانی دایەلۆگەکە بریتییە لە دامەزراوەیەکی یاسادانان کە لەلایەن کەسە نامۆیەکە پێشنیار دەکرێت، ئەویش بریتییە لە ئەنجومەنی شەوانە (Nocturnal council) کە پێکدێت لە ئەشرافترین و چاکەکارترن ئەندامان لە سەرکردەکانی شارەکە، کە هەریەك لەوانە کەسێکی گەنج دێننە نێو گفتوگۆکانیان، ئەنجومەنەکە کاریگەری دادەنێت لەسەر بەڕێوەبردنی شارەکە، بەڵام فۆکەسی ڕاستەقینەی گفتوگۆیەکەیان تەنها لەسەر بەڕێوەبردنی شار نابێت، بەڵکوو گفتوگۆکردنی فەلسەفە، خودا، ئاین، لەسەری هەموو ئەمانەوە، یەکگرتووی فەزیلەت (unity of virtue) کە بریتییە لەو پرسیارەی چۆن فەزیلەت دەتوانێت ببێتە بەهایەك هەروەها چوار بەها، ئەوانیش؛ ئازایەتی (Courage)، دادپەروەری (Justice)، میانڕەوەی یاخود مامناوەندییەتی (Moderation) و حوکمڕانی باش (Prudence). ئەم دیسکۆرس و ئەرگیومێنتسازییە بایەخێکی زۆریان لە فەلسەفەی سیاسییدا هەیە، چونکە دەبێتە سەرەتایەك بۆ هێنانەدی شارێکی پڕچاکەکاری لە پراکتیکدا، چونکە ئەفلاتۆن سەرنجی زۆری لەسەر ئەو یاسایانەبوو کە لە کتێبەکەی پێشنیار کردبوون، بەمەش ئامانجەکەی لەم بەرهەمەدا ئەوەندەی پراکتیکی و واقعییەتە، ئەوەندە تیۆر و گریمانەیی نییە. ئەنجوومەنی شەوانە لە (١٠) گەورەترین پارێزەری یاساکان پێکهاتبوو؛ سەرپەرشتیاری پەروەردە و کەسانی پێش خۆی؛ وردبینیکەران؛ و هاووڵاتیانی گەنجتر لە تەمەنی سی بۆ چلساڵەوە کە هەموو ئەندامێکی باڵای ئەم دەستەیە دەبێت پەیوەندییان پێوە بکات. ئەنجومەنەکە ، دەبێتە دەسەڵاتێکی سەربەخۆ بۆ چارەسەرکردنی پرسیارە فەلسەفییەکان. دەسەڵاتی ئەنجوومەن بە یاسا پارێزراوە. ئەنجوومەن شوێنێکی بیرکردنەوەی تەنیا دیالکتیکییە کە بنەمای ئەو حوکمە یاساییانە دروست دەکات کە لەلایەن یاسادانەران و ئەوانی دیکەوە دەدرێن کە خۆیان لەگەڵ واقیعی گۆڕانی بارودۆخەکاندا دەگونجێنن. دوا دەستەواژەی ئەسینایی، "شارەکە ڕادەستی ئەنجومەن دەکرێت"، ئەوە ناگەیەنێت کە دەسەڵاتێکی سیاسی دیاریکراوی پێ بەخشراوە، بەڵکو ئەوە دەگەیەنێت کە ئۆرگانێکی دامەزراوەییە کە دەبێ دەسەڵاتی فیکری و ئەخلاقی هەبێت بنەمای شارەکە بەپێی سەروەری یاسا دەستوور فەرمانڕەوایی تیادا بکرێت.[٣]

ئەفلاتۆن گرنگییەکی زۆی بە بیری سیاسی مۆدێرن بەخشیوە لەڕووی پەرەپێدانی چەمکی حوکمی یاسا یاخود سەروەری یاسا (Rule of Law). لە دایەلۆگی یاساکاندا، کارەکتەری سەرەکی (نامۆی ئەسینایی) حەوت بنەمای حوکمڕانی دەخاتەڕوو، لە بنەمای شەشەمدا پێداگیری لە پابەندبوونی خۆویستیانەی یاساکان دەکات (Obedience The Law) لە هەمان کاتدا بڕیاردانی سزا بۆ سەرپێچیکارانی یاسا، ئەم ئایدیایە یەکێکە لە بنەما فەلسەفییەکانی دەوڵەتی یاسایی مۆدێرن، کە بەڵگەیە لەسەر پێگەی یاسا لە دەوڵەتشاری یاساکان لەبڕی فەیلەسووفی فەرمانڕەوای کۆمار و پۆلیتیکۆسی شارەزا لە زانستی سیاسی.[٤]

تەوەری دووەم
شیکردنەوەی دەستوورەکان لە کتێبی سێیەمی دایەلۆگی یاساکاندا

لە یاساکانی ئەفلاتۆندا، دەستووری باش بریتییە لەو دەستوورەی کە دەتوانێت ئازادی freedom و هاوئاهەنگیی و پێکەوەیی (philia) تێکەڵ بە ژیری wisdom بکەن. دواین شیکردنەوەی مێژووی بۆ دەستوورەکانی پێرسیا و ئەسینا ئەوە نیشان دەدەن کە هەردوو سیستەمی پادشای و دەستووری تێکەڵ بەیەکتر نەکراون و بۆیەشە دەستوور و سیستەمێکی سیاسی ناجێگیر و ناتەواوی بەرهەمهێناوە. ئەفلاتۆن لە کتێبی چوارەمدا ئەوەمان بیردەخاتەوە کە باشترین دەستوور بریتییە لە دەستووری تێکەڵ لە تایبەتمەندییەکانی دەستووری پادشایی و دەستووری دیموکراسی[٥] بۆیە لە سیستەمی دیموکراسی فەزیلەتی ئازادی the virtue of freedom هەیە و لە سیستەمی مۆنارکیدا فەزیلەتی ژیری the virtue of wisdom هەیە بە تێکەڵکردنی ئەم دوو فۆرمە جیاوازەی سیستەمی حوکمڕانی، دەوڵەتێکی میانڕەوی و دۆستایەتی دێتەکایەوە.[٦]

---

(1) Hyeok Yu, Principles of the Constitution in Plato's Laws,pp 11-93.

(٢) بڕوانە: مۆنتسکیۆ، ڕۆحی یاساکان، وەرگێرانی لە فارسییەوە بۆ کوردی، ئیدریس شێخ شەرەفی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٠٣، لا ٧٥٥-٧٧٧.

(3) Yutaka MARUHASHI, The Nocturnal Council and the Rule of Law, The Guardians of the Regime in Plato's Laws, http://greek-philosophy.org/en/files/2012/04/2012_2e.pdf.

(4) FRANCISCO L. LISI, PLATO AND THE RULE OF LAW, Méthexis XXVI (2013) pp. 83-102.

(5) Hyeok Yu, Persuasion and Compulsion: Principles of the Constitution in Plato's Laws (MA by Research Thesis, Department of Classics and Ancient History, University of Durham - UK, 2005, pp 5-11.

(6) Raymond Polin, pp 104.

لەبارەی خستنەڕووی باشترین شێوەی حوکمڕانی و چارەسەری سیستەمی سیاسی لە کتێبی (یاساکان The Laws) دا، ئەفلاتون دەستوورێك بۆ شاری یاساکان دادەڕێژێت کە سیستەمی تێکەڵاو لەخۆ دەگرێت و لە ڕەگەز و پرەنسیپەکانی سیستەمی پادشایەتی و دیموکراسی (Mixture of Monarchy and Democracy) پێکهاتووە، بەو پێیەی دوو سیستەمی حوکمڕانی پێچەوانەی یەکترن، بەجۆرێك سیستەمی پادشایەتی لەسەر پرەنسیپی دەسەڵات Authority و سیستەمی دیموکراسی لەسەر پرەنسیپی ئازادی و یەکسانی Equality بونیادنراون، تێکەڵکردنی ڕەگەز و بنەماکانی ئەم دوو سیستەمە، دانایی بۆ فەرمانڕەوا و، ئازادی بۆ ژێردەستە، برایەتی و سەقامگیری بۆ کۆمەڵگە فەراهەم دەکات، لێرەدا پانتایی ئازادی و یەکسانی لە سیستەمی پادشایەتی فراونتر دەبێت لەگەڵ چەسپاندنی دەسەڵات لە سیستەمی دیموکراسی، بەڵام بە جۆرێك نابێت زێدەڕۆیی لە هەردوو پرەنسیپی ئازادی و دەسەڵاتدا بکرێت، بەڵکوو پێویستە هاوسەنگییەك لە نێوانیاندا بهێنرێتەدی. بۆ هێنانەدی ئەم هاوسەنگییە، ئەفلاتون لە کتێبی سێیەمی یاساکان (Laws III) دا، نموونەی هەردوو سیستەمی ئەسینا و فارسی کۆن (Athens and Ancient Persia) بە نموونە دەهێنێتەوە، ڕوخانی دەوڵەتی فارسی کۆن لە ئاکامی قورخکردنی دەسەڵات و بەکۆیلەکردنی تاکەکان، بووە فاکتەری هەڵگەڕانەوەی تاکەکان لە هەمبەر ستەمکاری دەسەڵات و گەڕان بەشوێن ئازادی، لە هەمان کاتدا زێدەڕۆیی تاکەکان لە ئازادی و دیموکراسییەتی ئەسینا بوو بە فاکتەرێك بۆ سوکایەتی بە دەسەڵات و یاساکان، بۆیە دەستووری تێکەڵ کە دابەشکاری دەسەڵات و سنووردانان بۆ زێدەڕۆی دەستەبژێرانی سیاسی و سەروەری گەل لە بڕیاردان، دەبێتە فاکتەری دەستوورێکی جێگیر و ماوە درێژ(١).

لەبارەی پێگەی یاسا لە نێو دەوڵەتشار، ئەفلاتون لە کتێبی (یاساکان)دا، بنچینەی پرەنسیپی سەروەری یاسای لە چوارچێوەی هزری یاسایی (Legal Though)ی هێناکایەوە کە یەکێکە لە پرەنسیپە گرنگەکانی حوکمڕانی دەستووری، بەتایبەتی چوارچێوەی تیۆری پۆزەتیڤیزمی یاسایی و یاسای سروشتی، بەشێوەیەك پرەنسیپی سەروەری یاسای وەك پێشمەرجی سیستەمی یاسایی دەوڵەتشار هەژمار کرد، بۆ ئەوەی سەروەری یاساش بهێنرێتەدی، پێویستە هەندێك سازش لە بەرژەوەندییە سیاسییەکانی حوکمڕانان و ژێردەستەدا (Rulers) هەبێت، بەڵام بەشێوەیەك ئەم سازشکردنە لەسەر بنەمای پراکتیزمی سیاسی بێت، نەك لەسەر پێودانگ و ئیعتیباراتی مۆڕالی (ئەخلاقی)(٢). بەو مانایەی، لەژێر ئەم سیستەمەدا تاکەکان ملکەچی یاساکانن و دەبێت ڕێز لە نۆرمەکانی یاسا بگرن، چونکە ئەمە ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندی گشتی، پێویستە دەسەڵاتداران لە هەموو کارەکانیاندا ڕێگای دادپەروەری بگرنەبەر و بەدوای ڕێگای هێزدا نەگەڕێن؛ مەگەر ئەوە نەبێ کە تاکە ئامرازە بۆ بەدەستهێنانی دادپەروەری و تەنها لە حاڵەتەکانی پێویستیدا.

دوای خوێندنەوەو لێکۆڵینەوە لە بنەچە و بنەما هزرییەکانی حوکمڕانی دەستووری و ڕەنگدانەوەی لە ئەندێشەی سیاسی ئەفلاتون لە هەر سێ کتێبی (کۆمار، سیاسەتمەدار، یاساکان)، ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە، لە کتێبی (کۆمار)دا بەجەمسەرکردنی فەرمانڕەوایی ڕەهای Kingship تایبەت بەو فەیلەسووفانەی کە پەروەردەك کراوبوون، جەوهەری دەوڵەتی ئیدیاڵ بوو، لەکاتێکدا یاسا و ڕەزامەندی جەماوەر هیچ پێگەیەکی لە ژیانی سیاسییدا نەبوو، تەنانەت لە کتێبی (سیاسەتمەدار)یشدا پرسی وەرگرتنی ڕەزامەندی گەل و سەروەری یاسا، ڕێگری بوو لەبەردەم ئازادی سیاسەتمەداردا. بەڵام پەسەندکردنی پرەنسیپی دیموکراسی ئەگەر لە سنوورێکی دیاریکراویش بێت، دانانی بە پرەنسیپی سەروەری یاسا، ڕۆڵ و بەشداری سیاسی جەماوەر و پرەنسیپی هاوسەنگی و یەکگرتوویی لە نێوان ئایدیا جیاوازەکان کە هەر یەکەیان ببێتە پارێزەری ئەویتر وەك بنەچەی بیرۆکەی پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، هەموو ئەمانە لە کتێبی (یاساکان)دا دەرخەری ڕەنگدانەوەی حوکمڕانی دەستووریی و سنووردارکردنی دەسەڵاتە (Constitutionalism) وەك بنەمای دەوڵەتی فەزیلەت. دەستوور وەك پرسێکی فەلسەفی، بۆ داڕشتن و نووسینی، پێویست دەکات بگەڕێنەوە بۆ قوتابخانە و تێزە فەلسەفییەکان، هەر دەستوورێك پاشخانێکی فیکری و فەلسەفیی لەپشتییەوە کار نەکات، دەستوورێکی ناتەواوی لێدەدەرچێت کە توانای لێکدانەوەی خوێندنەوەی سروشتی تاك و کۆمەڵگە و گۆڕانکارییەکانی نابێت، ئەو دەستوور و گرێبەستە کۆمەڵایەتیانەی کە فیکر و فەلسەفە لە پشتییەوە کاری نەکردبێت، ئەستەمە جیاوازییەکانی نێو کۆمەڵگە کۆبکاتەوەو بەیەکەوە گرێیان بدات و سازان و هەڵکردن و دادپەروەری بێنێتەکایەوە.

ئەندێشە و تێزەکانی ئەفلاتون لەبارەی دەستوور و سیستەمی حوکمڕانی لە زۆرێك لە دەستوورە مۆدێرنەکان ڕەنگیانداوەتەوە، یانیش ئەم تێزە فیکریانە بوونەتە ئیلهام و سەرچاوە بۆ داڕشتنی دەستوورەکان، لەوانەش دەستووری ئەمریکای ١٧٨٩، لەم ڕووەوە سیاسەتمەدار و یەکێك لە باوکانی داڕشتنی دەستووری ئەمریکی (John Adams) لە بەرهەمە سێ بەرگییەکەی بەناونیشانی (بەرگریکردن لە دەستوورەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) کە لە ساڵانی ١٧٨٧-١٧٨٨ بڵاوکراوەتەوە، ستاشی تێزەکانی ئەفلاتون دەکات کە وردترین وردەکاری گۆڕانکارییە سروشتییەکانی ئەخلاق و بنەماکان و پێشکەوتنی ئاسایی ویست و حەز و خولیاکانی نێو کۆمەڵگەی پێبەخشیوین، لە نامەی (٣٤)ی بەرگییەکەی تیشك دەخاتەسەر دوو بەشی تیۆری سیاسی ئەفلاتون وەک ئەوەی لە کۆماردا ڕوونکراوەتەوە، کاتێك لە بەشی یەکەمی کتێبی چوارەمی کۆماردا؛ ئەفلاتون وێناکردنی "کۆمۆنوێلتی ئایدیاڵی خۆی، کە پاشاکان فەیلەسوفن، فەیلەسوفەکانیش پاشا" مانیفێست دەکات، بەشی دووەم لە کتێبی هەشتەمەوە وەرگیراوەو تاکو کتێبی نۆیەم بەردەوام دەبێت، کە ئەفلاتون وێنای چوار جۆری خراپترین سیستەمی سیاسی دەکات و بنچینەی کۆمەڵناسی و سایکۆلۆژی هەریەکەیان دەکێشێت. جۆن ئادەمز چەندین بەهای لە فیکری سیاسی ئایدیاڵی ئەفلاتون دۆزیەوە کە وەك بەهای بەرز وێنایان دەکات، لەوانە: بەختەوەری و بەرژەوەندی گشتی، حوکمڕانی یاسا 'یاساکان حوکمڕانی دەکەن 'The Laws Govern' دەوڵەت یەکە و دابەشناکرێت، ئەندامانی کۆمەڵگە بەپێی شایستەیی ڕیزبەندی دەکرێن؛ پەروەردە گشتییە و تەواوکەری یاساکانە لە بەرهەمهێنانی فەزیلەتەکانی خۆڕاگری، مۆدێریەشن و میانڕەوی، ژیری و دادپەروەری لە تەواوی دەوڵەتدا، ئەم فۆرمە لە حوکمڕانی دەبێتە فاکتەر بۆ پەروەردەکردنی تاکەکان کە دەبنە پاسەوان و پارێزەری یاساکان (Guardians of the Laws).

جۆن ئادەمز لەبارەی شیکاری تایبەکانی سیستەمی و سروشتی (تایپەکانی ڕۆح لە میتۆدۆلۆجیای ئەفلاتون) و دابەشکارییە سایکۆلۆژییەکانی چین و توێژەکانی؛ هاوڕابوو، کاتێك ئاماژە بەوە دەکات کە ئەگەرچی بۆ ئەفلاتون تەنها یەك دەستوور، باشترین دەستووری نموونەیییە کە

(1) In Plato’s Laws, the Athenian Visitor says that the best constitution is a mixture of monarchy and democracy. This is the theoretical basis for the institutions of Magnesia, and it helps the citizens to become virtuous. See: Jeremy Reid (2020): The Mixed Constitution in Plato’s Laws, Australasian Journal of Philosophy.

(2) Antony Hatzistavrou: Plato’s legal positivism in the Laws, An International Journal of Legal and Political Thought, Volume 9, 2018 - Issue 2, pp 1-2.

دەستووری فەزیلەتە، ئەویش دەستووری کۆمارە، بەڵام چوار جۆر لە دەستوور و سیستەمی تر هەن کە دەستوور و سیستەمی حوکمڕانی ناتەواو و خراپەکارین، ئەوانیش (تیمۆکراسی، ئۆلیگارشی، دیموکراسی، دیسپۆتیزم و ستەمکاری)، ئەوەی بۆ (ئادمز) جێگای سەرنج و بایەخە، هۆکارە ڕۆحی و سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتییەکانە کە دەرەنجام دەبنە فاکتەر بۆ لەناوچوونی کۆمار، چونکە هەر کاتێك ئەم چین و توێژانەی ئەفلاتۆن دابەشکارییان بۆ دەکات، شوێنی ئەوانی دیکەیان گرتەوە (بۆ نموونە چینی ناوەڕاست یاخود چینی پاسەوان شوێنی فەیلەسووفان بگرنەوە) ئەوا کۆمار بەرەو ستەمکاری و یاخیبوون و دەرەنجام لەناچوون دەبات، بۆیە لە دیدی ئەودا (ئەفلاتۆن) وەک مێژوونووسێکی فەلسەفی وێنا دەکرێت کە زۆر واقیعییانە ئەم شیکارییەی دەربارەی سروشتی مرۆڤ کردووە، بەو تایەکی تر زیادەڕەوی نەکردووە لە وەسفکردنی گۆڕانکاری لە کارەکتەری مرۆڤەکان و فۆرمەکانی حکومەتدا. هەر بۆیە (ئادمز) لە وەسفکردنی فەلسەفەی سیاسی گریکی کۆن ئەوە دەخاتەڕوو کە (فەلسەفەی سیاسی کۆنی گریك؛ وەك باڵەخانەیەکی هەشتگۆشەییە کە تەواوی گۆشەکانی بە ئاوێنەیەکی درێژ ڕوپۆشکراوە و بنمیچ یاخود سەقەفەکشی بە هەمان شێوە ئاوێنەدارە)، بەو واتایەی فەلسەفەی سیاسی یۆنانی کۆن لە هەموو گۆشەکانەوە وێنەکانمان بەڕوونی نیشان دەدات تاوەکو خوێندنەوەی وردتر و قوڵتر بۆ کێشەکانی دەوڵەت و سروشتی مرۆڤ و کۆمەڵگە بخەینەڕوو[١].

دەرەنجام

دوای ئەنجامدانی توێژینەوەی لەبارەی فیکری یاسایی فەیلەسووفی یۆنانی (ئەفلاتۆن) لە دایەلۆگەکانی (کۆمار، سیاسەتمەدار و یاساکان)، چەند دەرەنجامێگی گشتی دەخەینەڕوو:

١) ئەفلاتۆن لە دیالۆگی کۆماردا وێنای دەوڵەتێکی ئیدیالی نموونەیمان بۆ دەکێشێت کە باشترین شێوەی دەوڵەتە و پڕچاکەکترین سیستەمەکانی حوکمڕانی دەخاتەڕوو، ئەفلاتۆن لە کۆماردا باوەڕی تەواوی بەو مۆدێلە سیاسییە کە تێیدا پادشایەکی فەیلەسووف، یاخود فەیلەسووفێکی پادشا فەرمانڕەوایی دەوڵەت بکات و دادپەروەریش لە سایەی ئەم سیستەمەدا لەرێگەی دابەشکاری چین و توێژەکانی کۆمەڵگە دێتەدی کە هەر توێژێك ئەو کارە ئەنجام بدات کە لەڕووی ئۆرگانی و دەروونی بۆی گونجاوە.

٢) ئەگەرچی ئەفلاتۆن لە کۆماردا؛ بەشێوەیەکی ڕوون و بەرچاو باس لە پێگە و ڕۆڵی یاسا و دەستوور لە بەڕیوەبردنی دەوڵەتشاردا ناکات، بەڵام کۆمەڵێك یاسا بۆ دەسەڵاتی ڕەهای فەیلەسووفان پێشنیار دەکات، لەوانەش بێبەشکردن لە خاوەندارییەتی موڵکایەتی و پێکهێنانی خێزان کە ئەمەش جۆرێکە لە سنووردارکردنی دەسەڵاتی ڕەهای فەرمانڕاوە.

٣) ئەفلاتون لە دایەلۆگی سیاسەتمەداردا لەسەر گرنگیی و بایەخی زلنستی سیاسی دەوەستێت، هێنانەدی دادپەروەی و حوکمڕانی باش پەیوەست دەکات بە شارەزایی فەرمانڕەوا لە زانستی سیاسی و هونەری حوکمڕانیکردن، لەم بارەیەوە ئەفلاتۆن یاسا نووسراوەکان بە ئامرازێکی ناتەواو وەسف دەکات، چونکە بەو جۆرەی کە پێویستە، ناتوانن دەرەقەتی ئاڵۆزییەکانی ژیان بێن و سروشتەکەیان بەجۆرێك چەقبوەستوو و نەگۆڕن، لەگەڵ بارودۆخ و هەلومەرجەکان ناگونجێن. لە دیدی ئەفلاتۆندا، باشترە فەرمانڕەوایی بەدەست کەسێکی پسپۆڕەوە بێت و بتوانێت بۆ هەر کێشەیەك کە دێتە پێش، چارەسەرێك بخاتەڕوو. بەڵام لێرەدا ئەفلاتۆن بە دونیابینییەکی واقعیتر لە حوکمڕانی دەڕوانێت، وەك لە ئایدیاکانی لەمەڕ دەوڵەتی یۆتۆپیا لە کۆماردا، چونکە لە کتێبی سیاسەتمەدار دا، گریمانەی ئەوە دەکات کە توێژی ڕۆشنبیر و فەیلەسوف لە کۆمەڵگەدا دەگمەن بن، لەم دۆخەشدا مرۆڤەکان ناچارن پشت بە حوکمی یاساکان ببەستن.

٤) دایەلۆگی (یاساکان The Laws)ی ئەفلاتون، کە بەرهەمی تەمەنی پیری و درێژترین دایەلۆگییەتی، یۆتۆپیاییەکی دیکەیە کە خۆی لە دانانی دەستور و یاسا دەبینێتەوە بۆ شاری یاساکان، هەروەك لە ناونیشانەکەیەوە دیارە، بابەتی سەرەکی و جەوهەری دایەلۆگەکە بریتییە لە یاسا. ئەفلاتۆن لە شاری (یاساکان)دا کۆمەڵگەیەکی سیاسی پێشنیار دەکات کە لەبڕی (فەیلەسووفی فەرمانڕەوا) یاخود سیاسەتمەداری شارەزا لە زانستی سیاسی پشت بە یاساکان ببەسترێت، بەبێ ئەوەی مەبەستی بێت دەستبەرداری تێزە ئایدیاڵی و دەوڵەتە یۆتۆپیایە کەی کۆمار بێت. بەو مانایەی، ئامانج و دیدگای ئەفلاتۆن لە کتێبی (یاساکان)دا، وەسفکردن و بەیانکردنی دەوڵەتێکە کە لە دوای دەوڵەتی ئیدیالی کۆمارەوە دێت؛ کە دووەم باشترین دەوڵەت.

٥) لەبارەی خستنەڕووی باشترین شێوەی حوکمڕانی و چارەسەری سیستەمی سیاسی لە دایەلۆگی (یاساکان The Laws) دا، ئەفلاتۆن دەستوورێك بۆ شاری یاساکان دادەڕێژێت کە سیستەمی تێکەڵاو لەخۆ دەگرێت و لە ڕەگەز و پرەنسیپەکانی سیستەمی پادشایەتی و دیموکراسی پێکهاتووە، بەو پێیەی دوو سیستەمی حوکمڕانی پێچەوانەی یەکترن، بەجۆرێك سیستەمی پادشایەتی لەسەر پرەنسیپی دەسەڵات Authority و سیستەمی دیموکراسی لەسەر پرەنسیپی ئازادی و یەکسانی Equality بونیادنراون، تێکەڵکردنی ڕەگەز و بنەماکانی ئەم دوو سیستەمە، دانایی بۆ فەرمانڕاو و، ئازادی بۆ ژێردەستە، برایەتی و سەقامگیری بۆ کۆمەڵگە فەراهەم دەکات.

٦) دەستوور وەك پرسێکی فەلسەفی پەیوەست بە دەوڵەت و حوکمڕانیی، ڕەهەندێکی فەلسەفی قوڵی لە پشتە، ئەم فەلسەفەیەش کاریگەری و ڕەنگدانەوەی لەسەر یاسادانەران و داڕێژەرانی دەستوورەکان و خودی دەستوورە مۆدێرنەکان هەیە، فەلسەفەی ئەفلاتون بە تایبەتی بیرۆکەکانی سەبارەت بە حوکمڕانی و دەوڵەتی ئایدیاڵ و دەستوور و یاسا، بە درێژایی مێژوو کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر بیری سیاسی هەبووە. ئەگەرچی دەستورە مۆدێرنەکان ڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەری فەلسەفەی ئەفلاتوندا نەنووسراون، بەڵام هەندێک دەستوور و سیستەمی سیاسی هەن کە ئیلهامیان لە بیرۆکەکانی ئەفلاتون وەرگرتووە، لەوانەش دەستووری ئەمریکای ١٧٨٩، لەم ڕووەوە سیاسەتمەدار و یەکێك لە باوکانی داڕشتنی دەستووری ئەمریکی (John Adams) لە بەرهەمە سێ بەرگییەکەی بەناونیشانی (بەرگریکردن لە دەستوورەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) کە لە ساڵانی ١٧٨٧-١٧٨٨ بڵاوکراوەتەوە، ستاشی تێزەکانی ئەفلاتۆن دەکات بۆ پرسەکانی دەستوور و چاکەی گشتی و پەروەردە و یاسا و ڕیسا.

---

[١]- (A Defense of the Constitutions of Government of the United States of America) بەرهەمێکی سێ بەرگی جۆن ئادەمزە کە لە ساڵانی ١٧٨٧-١٧٨٨ بڵاوکراوەتەوە. ئەم بەرهەمە لە کاتێکدا نووسراوە کە ئادەمز وەک باڵیۆزی ئەمریکا لە لەندەن کاری کردووە. ئادەمز ڕووبەڕووی چەندین ڕەخنە بووبووەوە سەبارەت سیستەمی حوکمڕانی ئەوسای ویلایەتەکانی ئەمریکا، ئادەمز پێش نووسینی دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەستی بەنووسینی ئەم بەرهەمە کردووە و کارەکە بەرگریکردن نییە لەو بەڵگەنامەیە، بەڵکو زیاتر لە دەستوورە جیاوازەکانی ویلایەتەکان لە ساڵی ١٧٨٧. بۆ زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە:
Andrew J. Reck, The Philosophical Background of the American Constitution(s). Royal Institute of Philosophy Supplements, Cambridge University Press 2010, 19, 273-293.

سەرچاوەکان

یەکەم: بەزمانی کوردی

١) د. محمەد کەمال: فەلسەفەی ئەفلاتۆن، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠١٠.
٢) د. محەمەد کەمال: فەلسەفە لێرەوە دەدوێت، کتێبی چوارەمی لۆگۆس، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری لۆگۆس، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٢١.
٣) مەریوان وریا قانع: فیکر و دونیا (بەرگی یەکەم)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی، ٢٠١٣.
٤) مۆنتسکیۆ، ڕۆحی یاساکان، وەرگێرانی لە فارسییەوە بۆ کوردی، ئێدریس شێخ شەرەفی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٠٣.
٥) د. عوسمان یاسین عەلی: فەلسەفەی یاسا لە هزری (ئەفلاتۆن)دا – لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری، توێژینەوەیەکی بڵاوکراوە لە پێنجەمین کۆنفڕانسی زانستیی نێودەوڵەتی فاکەڵتی یاسای زانکۆی تیشکی نێودەوڵەتی، ٢٠٢٠.

دووەم: بە زمانی ئینگلیزی

1) Christopher; Schofield, Malcolm; Harrison, Simon; Lane, Melissa, Paul Cartledge, The Cambridge History of Greek and Roman Political Thought || Greek political thought: the historical context, 2000.
2) Sanne Taekema en Wibren van der Burg, 'Legal Philosophy as an Enrichment of Doctrinal Research Part I: Introducing Three Philosophical Methods', LaM januari 2020.
3) Julia Annas, Plato: a very short introduction. New York: Oxford University Press, 2003.
4) aymond Polin, Plato and Aristotle on Constitutionalism; An Exposition and Reference Source, Routledge – London, 1st Edition, 1998.
5) Plato, “The Republic”, (Oxford World's Classics), Book 5, section 473d.
6) Christopher Rowe, Plato: the search for an idea from of state (Political thought from Plato to NATO), Chicago Dorsey Press, 1988.
7) Kevin Main, “Plato’s Perfect Kallipolis, Analysis and Feasibility” and “The City-State of the Soul: Constituting the Self in Plato’s Republic”, Polis: The Journal for Ancient Greek and Roman Political Thought, 12 Apr 2018.
8) Marek Piechowiak, “Plato’s Conception of Justice and the Question of Human Dignity”, Peter Lang Publishing, 2019.
9) Luc Brisson, Plato’s Political Writings: A Utopia, Polis: The Journal for Ancient Greek and Roman Political Thought, 2020.
10) Dimas, Panos, Melissa Lane, and Susan Sauvé Meyer (eds), Plato's Statesman: A Philosophical Discussion (Oxford, 2021; online edn, Oxford Academic, 22 July 2021.
11) Sørensen, Anders Dahl, ' Political Office and the Rule of Law in Plato’s Statesman.', Polis, 2018.
12) Dimitri El Murr, Kingship and Legislation in Plato’s Statesman. Polis, 2021.
13) Gerald Mara, Constitutions, Virtue & Philosophy in Plato's "Statesman" & "Republic", Polity, Vol. 13, No. 3, Palgrave Macmillan Journals, (Spring, 1981).
14) Gerald Mara, Constitutions, Virtue & Philosophy in Plato's "Statesman" & "Republic", Polity, Vol. 13, No. 3, Palgrave Macmillan Journals, (Spring, 1981).
15) Thomas L. Pangle, The Laws of Plato, University of Chicago Press, Mar 15, 1988.
16) Leo Strauss, The Argument and the Action of Plato's Laws, University of Chicago Press, 2014.
17) Harmon. M Judd: political thought from Plato to the Aristotle, Mcgraw-Hill book, N.Y.1962.
18) Thomas L. Pangle, The Laws of Plato, University of Chicago Press, Mar 15, 1988.
19) Hyeok Yu, Persuasion and Compulsion: Principles of the Constitution in Plato's Laws (MA by Research Thesis, Department of Classics and Ancient History, University of Durham - UK, 2005.
20) FRANCISCO L. LISI, PLATO AND THE RULE OF LAW, Méthexis XXVI (2013).
21) Jeremy Reid,The Mixed Constitution in Plato’s Laws, Australasian Journal of Philosophy, 2020.
22) Antony Hatzistavrou: Plato’s legal positivism in the Laws, An International Journal of Legal and Political Thought, Volume 9, 2018.
23) Andrew J. Reck, The Philosophical Background of the American Constitution(s). Royal Institute of Philosophy Supplements, Cambridge University Press 2010.

سێیەم: بەزمانی فەڕەنسی:

1) Gobin Corinne : Gouvernance, Quaderni, n°63, Printemps Nouveaux mots du pouvoir, fragments d'unabécédaire, 2007.

چوارەم: سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان:

1) Preeti Sikder, “Frameworks in Legal Research: Theoretical and Conceptual”, Jahangirnagar University, https://www.slideshare.net/PreetiSikder1/frameworks-in-legal-research-theoretical-and-conceptual?from_action=save.
2) Lee, Myungjoon, "Plato's philosophy of education: Its implication for current education" (1994). Ph.D. Dissertations (2010) https://epublications.marquette.edu/dissertations/AAI9517932.